کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم – ژمارە ٤٧١ – ڕەشەممەی ١٤٠٤– مارسی ٢٠٢٦



بانگەوازێک بۆ تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە لە کوردستان لە ٦

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە پێویستیی هاوپەیمانیی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان لە کوردستان لە ٣

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن لە ١١

سەڵتەنەتخوازان لە مەیدانی بەرەنگاریی چینایەتی و ترس لە سێبەری چەپ لە ١٥

زیندانیان لە سێبەری شەڕدا: مەترسیی بۆردومان و مەترسیی سەرکوتکردن لە ١٦

## سەروتار

## هەڵەبجە و گۆردانی شوان، دوو کارەسات و یەک یاد

٢٦ی ڕەشەممە، ڕێکەوتی ١٧ی مارس، ساڵڕۆژی گیا نبە ختکر د نی هاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە «گۆردانی شوان» بوو. ئەم ڕۆژە لە مێژووی خەباتی خەڵکی کوردستاندا، هاوکاتە لەگەڵ ساڵڕۆژی یەکێک لە کارەساتبارترین جینا یە تە کا نی سەدەی بیستەم، واتە شیمیابارانی شاری هەڵەبجە. دوو ڕووداو، دوو کارەسات، یەک یا د

٣٨ ساڵ لەمەوبەر ڕێک لەم ڕۆژەدا، لە کاتژمێر ١١:٣٥ خولەکی پێشنیوەڕۆ، چەند فڕۆکەیەکی بۆمبهاوێژی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ئاسمانی شاری حەڵەبجە دەرکەوتن. ئەوەی کە بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا هات، هێرشێکی سەربازیی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو تاوانێکی ئاشکرا بوو لەدژی مرۆڤایەتی. بۆمبە شیمیاییەکان بەسەر منداڵان، ژنان، پیاوان، گەنجان و بەساڵاچوواندا بارین. شەقام، ماڵ، پەناگە و کۆڵانەکانی شار لە چەند ساتێکدا بوون بە مەیدانی مەرگ. لە هەمان کاتژمێرە سەرەتاییەکاندا، زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە خەڵکی هەڵەبجە گیانیان لەدەستدا، بریندار یان ژەهراوی بوون. ئاماری ڕاستەقینەی قوربانییان، بە هەژمارکردنی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژان و هەفتەکانی دواتردا بەهۆی کاریگەریی گازە ژەهراوییەکانەوە گیانیان بەختکرد، ئامارەکە زۆر لەوە زیاتر بوو. هەڵەبجە لەو ڕۆژەدا بوو بە هێرۆشیمای کوردستان، برینێکی خوێناوی و قووڵ لەسەر سیمای جەماوەرێکی کە ساڵانێکی زۆر لەژێر کۆت و بەندی ستەم و توندوتیژیی دەوڵەتی بەعسدا دەچەوسانەوە هەڵەبجە هێمای ژیان بوو. هێمای خەڵکێک بوو کە دەیانویست لە ئاشتیدا بژین. بەڵام ڕژێمی بەعس بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی، ئەم ژیانەی کردە ئامانج. ئەم تاوانە تەنها هێرش بۆ سەر شارێک نەبوو، بەڵکوو هێرش بوو بۆ سەر مرۆڤایەتی، هێرش بوو بۆ سەر ویژدانی جیهان و هێرش بو

**درێژە لە لاپەڕەی ٢**

## درێژەی سەروتار

بۆ سەر مافی خەڵکێک بۆ زیندوو مانەوە

بەڵام هەڵەبجە تاکە ڕووداو نەبوو. حکوومەتی بەعس لە ساڵەکانی پێشتردا گەلێک تاوانی لەدژی خەڵکی عێراق بەتایبەت خەڵکی کوردستان ئەنجام دابوو. لە ئۆپەراسیۆنی بەدناوی «ئەنفال»دا، هەزاران کەس سەریان بە پەتی سێدارەوە کرا و تەرمەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوچە ناوەندییەکانی عێراقدا شاردرانەوە. شارەکان و چەندین هەزار گوند خاپوور کران. خەڵکیان بەوپەڕی وەحشیگەری لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەند و لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا کە زیاتر لە سەربازگە دەچوون، زیندانی کرد. لە ڕاستیدا هەڵەبجە تەنها یەکێک بوو لەو زنجیرە تاوانانەی ڕژێمی بەعس، نەک دەستپێک

ئەم هەموو تاوانە لە بارودۆخێکدا ڕووی دەدا کە ڕژێمی بەعس لە گۆشەگیرییەکی تەواودا نەبوو. بەپێچەوانەوە، سەدام حسێن و حکوومەتەکەی لەگەڵ هەر دوو زلهێزی ئەوکات، واتە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیوەندیی سیاسی، بازرگانی و تەنانەت کولتووریشیان هەبوو. هەر دوو بلۆکی جیهانیی ئەو سەردەمە، دەوریان هەبوو لە تەیارکردنی حکوومەتی بەعس بە جۆرەها چەک و کەرەستەی جەنگی. هێزە جیهانییەکان بێبەری نەبوون لە پێکهاتنی ئەو جبەخانەیەی کە دواتر دژی خەڵکی کوردستان بەکار هات. بەبێ ئەو هاوکارییانە و بەبێ بێدەنگیی دواتری ئەو لایەنانە لە ئاست بەکارهێنانی چەکی شیمیایی، کارەساتی هەڵەبجە مومکین نەبوو. هەربۆیە، هەڵەبجە تەنها ناوی تاوانێکی ناوچەیی نییە، بەڵکوو ناوی شەرمەزارییەکی جیها نیشە

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، مێژوو تەنها مێژووی تاوانباران نییە، مێژوو مێژووی جەماوەریشە. خەڵکی هەڵەبجە و خەڵکی کوردستان، سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و وێرانییە، سەرلەنوێ شارەکەیان بنیاد نایەوە. ژیانیان لە هەناوی خۆڵەمێش دەرهێنا. یادی ئازیزانیان بە زیندوویی ڕاگرت و نیشانیان دا کە مەرگ، ئەگەرچی دەتوانێت جەستەی مرۆڤ بسڕێتەوە، بەڵام ناتوانێت ئیرادەی خەڵک بۆ ژیان لەناو ببات. ئەمڕۆ سەدام حسێن و حکوومەتی بەعس لە گۆڕدا ڕزیون، بەڵام ناوی حەڵەبجە هەر بە زیندوویی ماوەتەوە و وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر لە تاوانێکی جەنگی، لە یاد و بیرەوەریی خەڵکدا ماوەتەوە

ڕێک ڕۆژێک دوای هەڵەبجە، واتە ١٧ی مارسی ١٩٨٨، کارەساتێکی دیکە لە هەمان ناوچەدا ڕووی دا کە ناوی خۆی لە مێژووی خەباتی کۆمەڵەدا هەمیشەیی کرد، واتە گیانبەختکردنی پێشمەرگەکانی گۆڕدانی شوان. ئەم دوو ڕووداوە پێکەوە، بوونەتە بەشێک لە بیرەوەریی گشتیی خەڵکی کوردستان، بیرەوەرییەک لە ڕەنج و بەرخۆدان و ڕاوەستان

گۆڕدانی شوان، یەکێک بوو لە هێزە تێکۆشەرەکانی کۆمەڵە، کە لە کاتی ڕوودانی هێرشی شیمیایی بۆ سەر ناوچەی هەڵەبجە، لە گوندی سنووریی «بیارە» پشوویان دەدا. لەگەڵ دەستپێکی هێرشەکە، پێشمەرگەکان بۆ چوونە دەرەوە لە ناوچەی شەڕەکە، گوندەکەیان جێهێشت و ڕێگەی پشتەوەی بەرەی شەڕیان گرتە بەر. بەڵام دوو کۆسپی مەرگبار هاتە سەر ڕێیان

یەکەم: ئەو گازە ژەهراوییەی کە بەهۆی شیمیابارانی حەڵەبجە لە ناوچەکەدا بڵاو ببووەوە، کاریگەریی لەسەر جەستە و توانای تێکۆشەرانیش دانابوو و توانای جووڵەی بە توندی لێ بڕیبوون. دووەم: ئەو پردەی کە تەنها ڕێگەی پاشەکشە بوو بەرەو پشتی بەرەی شەڕەکە، کەوتبووە دەست هێزەکانی ڕژێمی ئێران و تەقێندرابووەوە.

لەو گەمارۆیەدا، هیچ ڕێگەیەک جگە لە پاشەکشە بەرەو دەریاچەیەی سیروان نەمایەوە، دەریاچەیەکی کە هێزە پشتیوانەکانی کۆمەڵە لەوبەری ئاوەکەوە چاوەڕوانییان دەکردن. هەوڵە بەردەوامەکان بۆ ناردنی بەلەمی ڕزگارکردن بێ ئاکام بوو و چەند کەسێکیش لەم پێناوەدا گیانیان بەخت کرد

لە ئاوا دۆخێکدا بوو کە گۆڕدانی شوان لە نێو قامیشەڵانەکانی کەنار دەریاچەکە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن تووشی شەڕ بوون. پێشمەرگە ماندوو، ژەهراوی و برینندارەکان، لە نەبەردێکی سەخت و ناهاوسەنگدا تا دوا فیشەک شەڕیان کرد. ٦٨ کەس لەو شەڕەدا گیانیان بەخت کرد، ١٢ کەس کەوتنە دەست دوژمن و ١١ کەسیان دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی تاقەتپڕووکێن لە زیندانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا لە سێدارە دران

یادی گۆڕدانی شوان، یادی خۆڕاگریی لە سەختترین ساتەکاندایە. یادی ئەو مرۆڤانەیە کە تەنانەت لە نێو گازی ژەهراوی، گەمارۆ، ماندوێتی و برینداریشدا، دەستیان لە خۆڕاگریی هەڵنەگرت. ئەوان بەشێکن لە مێژووی زیندووی کوردستان، هەر وەک چۆن هەڵەبجە بەشێکە لە ویژدانی برینداری کوردستان

سی و هەشت ساڵ بەسەر ئەم دوو کارەساتەدا تێپەڕیوە. خەڵکی هەڵەبجە شارەکەیان دووبارە ئاوەدان کردەوە و سەدام حسێن بە هەموو دام و دەزگا بەعسییەکەیەوە، لە گۆڕدا ڕزی. بەڵام کاتژمێر ١١:٣٥ خولەکی پێشنیوەڕۆی ١٦ی مارسی ١٩٨٨، وەک بیرهێنەرەوەی بەردەوام لەوەی کە مرۆڤەکان بە یەکتری ڕەوا ببینن، لە مێژووی تاوانە جەنگییەکاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە

پێشمەرگەکانی گۆڕدانی شوان ڕۆیشتن، بەڵام ئەو ئامانجەی بۆی تێکۆشان زیندوو مایەوە. ئەوان لەپێناو جیهانێکدا خەباتیان کرد کە تێیدا شەڕ و نائەمنی، ئەشکەنجە و زیندان، هەژاری و نایەکسانی جێگەی خۆیان بدەن بە ئاشتی، ئازادی، خۆشگوزەرانی و یەکسانیی مرۆڤەکان. ئەم ئامانجە، میراتی ئەوانە و بەرپرسیارێتیی مانەوەی، لەسەر شانی ڕزگاربووان و نەوەکانی دوای ئەوانە

**لە ٣٨ەمین ساڵڕۆژی ئەم دوو کارەساتەدا، ڕێزدەگرین لە یادی سەرجەم گیا نبە ختکر د و وا نی حەڵەبجە و هاوڕێیانی گۆڕدانی شوان. درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان و بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە ئامانجی بەرزی ئەم ئازیزە گیانبەختکردووانە بێتە دی.**

**یادیان بەرز و بەڕێز بێ و ڕێگایان بەردەوام**

****






# ڕاگەیـــــــــــــاندنی کۆمەڵە سەبارەت بە هۆکارەکانی واژۆنەکردنی بەڵگەنامەی هاوپەیمانیی نێوان چەند حیزبێکی کوردستان

هەروەک ئاگادارن، پێنج حیزب لە حەوت حیزبەکەی ئەندام لە «ناوەندی دیالۆگی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»، لە ڕێگەی بەیاننامەیەکی هاوبەشەوە، بەڵگەنامەی «هاوپەیمانی»یان لە نێوان خۆیاندا واژۆ کرد. کۆمەڵە، وەک یەکێک لە حیزبە بەشداربووەکانی «ناوەندی دیالۆگ»، لە دەستپێکی پرۆسەی گفتوگۆکانەوە هەوڵی داوە ڕۆڵێکی کارا لە پێشخستنی دیالۆگێکی بنیادنەردا بگێڕێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بەڵگەنامەی هاوپەیمانییەی واژۆ نەکردووە. لەبەر ئەوەی شەفافیەت لەبەردەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یەکێکە لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئێمە، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین هۆکارەکانی ئەم بڕیارە بە ڕاشکاوی و بە تەواوی ڕوون بکەینەوە

**١-** ئەو حەوت حیزبەی لە ناوەندی دیالۆگدا کۆبوونەتەوە، لە ڕووی بەرنامەی سیاسی، ستراتیژ، نەریتی خەباتگێڕانە و پێشینەی مێژووییەوە وەک یەک نین. لەم نێوەندەدا، ڕەوتی ئێمە وەک ڕەوتێکی سۆسیالیست، سەر بە نەریتێکی ناسراوە لە کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستاندا. لەم نەریتەدا، بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرتاسەری ئێران لە زومرەی هاوپەیمانەکانی بزووتنەوەی خەڵکی کوردن، لەم نەریتەدا، هاوتەریب بوون لەگەڵ سیاستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە ئێران و کوردستان هیچ جێگەیەکی نییە، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستڕەو و بەتایبەت سەڵتەنەتخوازان، کە لە ئێستاوە بە ئاشکرا دژایەتی هێزە چەپەکان و مافی نەتەوەکان دەکەن، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ئێمە. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئێمە ئەم جیاوازی و فرەچەشنە سیاسییە نەک وەک خاڵی لاواز، بەڵکوو وەک بەشێک لە واقیعێکی زیندووی کۆمەڵگەی کوردستان دەبینین. لە ڕوانگەی ئێمەوە، هەر چەشنە هاوکارییەکی بەردەوام لە نێوان ئەم حیزبانەدا تەنیا کاتێک سەرکەوتوو و بەرهەمدار دەبێت کە ئەم جیاوازییانە بە شەفافی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان، لە پرۆسەکانی هاوکاری، میکانیزمەکانی بڕیاردان و بەڵێنی و پابەندبوونە هاوبەشەکاندا بە وردی ڕەنگ بدەنەوە. ئەزموون سەلماندوویەتی هەر دامەزراوەیەک لەسەر بنەمای پشتگوێخستنی جیاوازییە ڕاستەقینەکان بونیاد بنرێت، لە قۆناغە هەستیارە سیاسییەکاندا تووشی قەیران و لەبەریەک ترازان دەبێت

**٢-** لە ڕوانگەی ئێمەوە، لە پرسی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، پێش گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشە بەرنامەییەکاندا، کە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە، دەبێت ستراتیژ، سیاسەت و تاکتیکە دیاریکراوەکانی پەیوەست بە دۆخی ئێستا و میکانیزمە عەمەلییەکان ڕێککەوتن بدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بۆ نموونە، پێکهێنانی دامەزراوەیەکی وەک «کۆمیتەی دیپلۆماسی هاوبەش» خۆی لەخۆیدا پرسی سەرەکیی نییە، بەڵکوو پرسی سەرەکیی بریتییە لە دیاریکردنی ئەو سیاسەتەی کە ئاراستەی چالاکییەکانی دامەزراوەیەکی لەو شێوەیە دەکات. یەکێتییەک کە بۆ نموونە لەم بوارەدا لە ڕاشکاوی و ڕوونیی سیاسیی بەهرەمەند نەبێت، لە کردەوەدا کارامە نابێت و شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ میکانیزمەکانی، دەکرێ خۆی دەبێتە سەرچاوەی قەیران و هاوکارییەکە بە بنبەست دەگەیەنێت. ئەم پرسە بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان یان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا هەستیارییەکی تایبەتی هەیە

**٣-** یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی جیاوازی و ناکۆکی ئێمە، بریتییە لە پرسی پێگەی هێزی چەکدار لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتووی ئێراندا. هەڵوێستی ڕوونی کۆمەڵە ئەوەیە کە لە دوای هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە کوردستاندا، چەک نابێت لە دەستی هێزە حیزبییەکاندا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت لە ماوەیەکی کاتیی دیاریکراودا و بە هەماهەنگی پێویستی حیزبە چەکدارەکانی کوردستان، ڕادەستی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەر بکرێت. ئەم پرەنسیپە بۆ ڕێگری لە کێبڕکێی سەربازی و گەرەنتی کردنی ڕاگواستنێکی دیموکراتیانە، یەکجار گرنگە. تەنانەت یەکخستنی هێزە چەکدارەکانی حیزبەکان لە پێکهاتەیەکی یەکگرتوودا، ئەگەریش مومکین بێت، کە بێگومان ئەوەش کارێکی دژوارە، ناتوانێت گەرەنتییەکی تەواو بێت بۆ بەکارنەهێنانی چەک لە ململانێ سیاسییەکاندا

**٤-** بە بڕوای ئێمە، حیزبە سیاسییەکان لە هیچ بارودۆخێکدا بۆیان نییە دەسەڵاتی سیاسی لە سەرووی خەڵکەوە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. دەسەڵاتداڕێتی مافی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەرە و بە بیانووی «قۆناغی ڕاگواستن» یان «ئامادەنەبوونی خەڵک» ناکرێت مافی سروشتی خەڵک بۆ پیادەکردنی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی خۆیان سنووردار بکرێت. هەر بۆشاییەکی دەسەڵات کە دروست دەبێت، دەبێت لە ڕێگەی هاندانی خەڵک بۆ پێکهێنانی شوڕا و دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە گەڕەکەکان، شارەکان، ناوەندەکانی کار، زانکۆ و شوێنەکانی ترەوە پڕ بکرێتەوە، نەک ئەوەی حیزبەکان ئەو بۆشاییە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. پێویستە حیزبە سیاسییەکان زەمینەی هاتنەدی دەسەڵاتداڕێتی جەماوەر و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی سەرچاوەگرتوو لە دەنگی خەڵک و پابەندبوونی تەواو بە ئیرادە و هەڵبژاردنی ئەوان فەراهەم بکەن

**٥-** کوردستانی ئێران خاوەنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی بەهێزە. لە دیدگای ئێمەوە، زاڵبوونی ڕوانگەی سەربازی بەسەر سیاسەتدا، ئەم سەرمایە ناوازە و بێوێنەی داهاتووی ئەم کۆمەڵگەیە لاواز دەکات. لەبەر ئەوە، ئەگەر بڕیار بێت هێزە چەکدارەکانی حیزبەکان لە «سپایەکی کوردستانی» یەکگرتوودا تێکەڵ بکرێن، پێش هێنانەئارای پرسی سپای یەکگرتوو، پێویستە ڕێککەوتنێکی ڕوون لەسەر ئەم پرسیارە بنەڕەتییە بکرێت کە چ سیاسەتێک

درێژە لە لاپەڕەی ٤

درێژە ی لاپەڕەی ٣

بەسەر ئەو هێزەدا زاڵە و ئەو هێزە لەژێر چاوەدێری کام دامەزراوەدایە؟ بە بڕوای ئێمە، هێزێکی لەو شێوەیە دەبێت لەژێر ئاراستەی دامەزراوە جەماوەرییەکاندا بێت، نەک لەژێر فەرماندەیی حیزبە سیاسییەکان، چونکە لە ئەگەری دروستبوونی هەر ناکۆکییەکی سیاسی لە نێوان حیزبەکاندا، ئەو هێزە کە بە ڕواڵەت هاوبەش و یەکگرتووە، ڕەنگە لەناکاو بەسەر گرووپە جیاوازەکانی سەر بە حیزبەکاندا دابەش بێت و لە ئەنجامدا بکەوێتە خزمەت پڕۆژە جیاوازەکانی ئەم حیزب و ئەو حیزبەوە

**٦-** دوژمنانی خەڵکی کورد بە بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی دانوستانی جیاجیا لەگەڵ حیزبەکان، یان ئەگەر نەیانتوانی، لە ڕێگەی هاندان و وروژاندنی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی نێوان کورد و تورک، شیعە و سوننە و هتد لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ناکۆکی و دووبەرەکی بنێنەوە. پووچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتە پێویستی بە ڕێککەوتنێکی ڕوونە لەسەر بنەمای هاوپشتی خەباتگێڕانەی خەڵکی هاوچارەنووس لە سەرتاسەری ئێران، بەبێ ڕەچاوکردنی نەتەوە، ڕەگەز و ئایین. یەکێتی و یەکگرتوویی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی تری کۆمەڵگەی ئێران، مەرجێکی ئێجگار گرینگە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان. لە ڕوانگەی ئێمەوە، هەر بەڵگەنامەیەکی هاوکاری دەبێت سنووربەندییەکی ڕوونی لەگەڵ ڕەوتە ڕەگەزپەرست و ڕاستڕەوە سەرتاسەرییەکان هەبێت و هاوپەیمانانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە ڕیزی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی تری سەرتاسەری ئێران، لەوانە بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی تردا بدۆزێتەوە و هاوڕێیەتییان بکات

**٧-** زۆربەی ئەو خاڵە سیاسییە بنەڕەتییانەی کە باسمان کردن، یان لە پلاتفۆرمی پێشنیارکراودا بوونیان نییە، یان ئەوەندە ناڕوون و تەمومژاوی داڕێژراون کە دەکرێ شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت، بۆیە ناتوانن ببنە بنەمای هاوپەیمانییەکی بەردەوام. لەبەر ئەوەی ناکۆکییەکانی ئێمە تەنیا لە فۆڕم و پێکهاتەی بەڵگەنامەکەدا کورت نەدەبووەوە، بەڵکوو پەیوەندی بە پێویستی شەفافیەتی سیاسی، میکانیزمی ڕوونی بڕیاردان و پابەندبوونی دیاریکراوەوە هەبووە لە چوارچێوەی هاوکاریدا، هەر بۆیە چارەسەرمان لە پێداچوونەوە و چاککردنی ئەم یان ئەو بەندی ئەم پلاتفۆرمەدا نەبینی، چونکە پێمان وایە هەر پلاتفۆرمێک دەبێت لە سەرەتاوە لەسەر بنەمایەکی ڕوونی سیاسی و ڕێککەوتنی ورد دابڕێژرێت، ئەگەرنا بە چارەنووسی ئەزموونە بێ ئاکامەکانی پێشوو دوچار دەبێت

**٨-** ئێمە پێکهاتنی «ناوەندی دیالۆگ» بە هەنگاوێکی ئەرێنی، پێویست و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی هەستیاری ئێستا دەزانین. ئەم ناوەندە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دروستکردنی کەناڵە پەیوەندییە ڕێکخراوەکان و هێنانەئارای ئاستێک لە لێکتێگەیشتنی سیاسی. ئەزموونی ئەم قۆناغە و ساڵانی ڕابردووش نیشانی داوە کە حیزبە چالاکەکانی کوردستان، تەنانەت بەبێ ڕێککەوتن لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نووسراویش، توانیویانە لە قۆناغە هەستیارەکاندا هاوکاریی کاریگەر و حەرەکەتی سیاسی گرنگ ڕێک بخەن. نابێت ئەم سەرمایە سیاسییە لەبەرچاو نەگیرێت

**٩-** بەشدارینەکردنی ئێمە لەم «هاوپەیمانییە» تایبەتەدا، بە واتای کشانەوە لە هاوکاری لەگەڵیدا نییە. ئێمە سیاسەتی هاوکاری و هەوڵی هاوبەش لەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبە سیاسییە چالاکەکانی کوردستانی ئێران لە ئەولەوییەتی کاری خۆماندا دەهێڵینەوە و پشتگیری لە بەردەوامی دیالۆگی بەردەوام و بنیادنەر دەکەین. بەڵام یەکێتییەکی کە لەسەر بنەمایەکی لەرزۆک و لەبەرچاونەگرتنی جیاوازییە ڕاستەقینەکان بونیاد بنرێت، نەک هەر بزووتنەوەی کوردستان بەرەو پێش نابات، بەڵکوو لە کاتە هەستیارەکاندا دەبێتە بارێکی گران بەسەر شانییەوە. ئێمە بڕوامان بە هاوپەیمانی و یەکێتییەکی ئەوتۆ هەیە کە بە ڕاستگۆیی و بە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان پێک بێت

**١٠-** کۆمەڵە خاوەنی بەڵگەنامەیەکی پەسندکراوی گشتگیرە سەبارەت بە هاوکاری و هەماهەنگی حیزبە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان، کە بەم زووانە و لەم پەیوەندییەدا سەرلەنوێ دەخرێتەوە بەردەستی ڕای گشتی

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**٤ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ی هەتاوی**

****

کۆمەڵە
سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران

## لە وەڵامی نامەی دۆستانی کۆمەڵەدا
## ڕوونکردنەوەی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە سەبارەت بە نەچوونە ناو «هاوپەیمانی»ی حزبە کوردستانییەکان

دۆستانی هێژا نامەکەی ئێوەمان کە بە ئیمزای سەد کەس لە چالاکانی سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات ، بە وردی خوێندەوە، لەو هەستە پڕ لە بەرپرسیارێتی و دڵسۆزییەی کە لە نامەکەتاندا شەپۆل دەدات، پڕ بە دڵ سپاسگوزارین. نیگەرانیی ئێوە لە پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، خەمێکی هاوبەشە و ئێمەش بە تەواوی لێی تێدەگەین. لەم نووسراوەدا دەخوازین هۆکارەکانی هەڵوێستی کۆمەڵە بە ڕوونی و بەوپەڕی ڕێزەوە بخەینە ڕوو
١- پێنج حیزب لە حەوت حیزبە ئەندامەکەی «ناوەندی دیالۆگی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» لە ڕێگەی بەیاننامەیەکی هاوبەشەوە سەنەدی «هاوپەیمانی»یان واژۆ کرد. لەم دواییانەشدا یەکێکی تر لەو حیزبانەی کە پێشتر لە چوونە ناو ئەو هاوپەیمانییە خۆی بواردبوو، لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەوە و پێوەی پەیوەست بوو. ئاگادارن کە کۆمەڵە لە تەواوی گوفتوگۆکانی ناوەندی دیالۆگدا ئامادەیی چالاکانەی هەبووە. ئێمە پرۆسەی دیالۆگی شارستانی نەک هەر بۆ خۆمان، بەڵکوو بۆ کۆمەڵگەی کوردستان بە پێویست دەزانین. ئێمە لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر جیاوازییە ڕاستەقینەکان لە ئامانج، شێوەی کار و ستراتیژدا دەکەین و خوازیاری هەبونی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانین. وەها پێوەندێک نەک تەنیا بۆ ئێمە، بەڵکوو بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، بە واتای واتە بەڕەسمی ناسینی فرەچەشنیی سیاسی، دوورکەوتنەوە لە گرژی و ئاڵۆزیی نێوان حیزبەکان، ڕکابەریی سیاسیی تەندروست و قبووڵکردنی قەزاوەتی دیموکراتییانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە
٢- ئەو حەوت حزبەی لە ناوەندی دیالۆگدا کۆببونەوە، لە ڕووی بەرنامەی سیاسی، ستراتیژ، نەریتی خەباتگێڕی و پێشینەی مێژوویەوە وەک یەک نین. کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی سۆسیالیست، سەر بە نەریتێکی ناسراوە لە کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستاندا
* بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێران بە هاوپەیمانی سروشتیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان دەزانین
* هاوتەریب بوون لەگەڵ سیاستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە ئێران و کوردستان، لە ستراتیژی ئێمەدا جێگەی نییە
* ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستڕەو، بەتایبەت سەڵتەنەتخوازەکان کە هەر لە ئێستاوە بە ئاشکرا هەڕەشە لە هێزە چەپەکان و مافی نەتەوەکان دەکەن، یەکێکە لە بنەماکانی سیاسەتی ئێمە
* هاوپەیمانی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق وەک ڕێکخراوێک کە خاوەن مەیل و بۆچوونێکی ئایینی و تاکڕەوانەیە، لە ستراتیژی ئێمەدا نییە
ئەزموونەکان سەلماندوویانە هەر هاوکارییەک لەسەر بنەمای لەبەرچاونەگرتنی جیاوازییە ڕاستەقینەکان

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژە ی لاپەڕەی٤

بونیاد نەنرێت، لە قۆناغە هەستیارە سیاسییەکاندا تووشی قەیران و لێکترازان دەبێت. سەنەدی ئەم هاوپەیمانییە لەم بوارانەدا شەفافییەتی پێویستی تێدا نییە

٣- بە بڕوای ئێمە، پێش هەر ڕێککەوتنێک لەسەر خاڵە هاوبەشە بەرنامەییەکان، کە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە، دەبێ لەسەر ستراتیژ، سیاسەت و تاکتیکی دیاریکراو بۆ دۆخی ئێستا ڕێککەوتن بکرێت. تەنیا وەک نموونەیەک، پێکهێنانی دامەزراوەیەکی وەک «کۆمیتەی دیپلۆماسیی هاوبەش» پرسی سەرەکییەکە نییە، بەڵکوو پرسە سەرەکییەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو سیاسەتەی کە ئاراستەی چالاکییەکانی ناوەندێکی ئەوتۆ دیاری دەکات. هاوپەیمانییەک کە خاوەن شەفافییەتی سیاسیی نەبێت، لە کردەوەدا کارامە نابێت و خۆی لەخۆیدا دەبێتە سەرچاوەی قەیران و هاوکارییەکە دەگەیەنێتە بنبەست

٤- یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی ناکۆکیی ئێمە، بریتییە لە جێگە و شوێنی هێزی چەکدار لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی داهاتووی ئێراندا. هەڵوێستی ڕوونی کۆمەڵە ئەوەیە کە لە پاش هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە کوردستان، چەک نابێ لە دەستی هێزە حیزبییەکاندا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت لە پرۆسەیەکی کاتیی دیاریکراودا و بە هەماهەنگیی حیزبە چەکدارەکان، ڕادەستی ناوەندە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەر بکرێت. ئەم ئەسڵە بۆ ڕێگریکردن لە ڕکابەریی سەربازی و گەرەنتی کردنی ڕاگواستنێکی دیموکراتییانە، زۆر گرنگە. تەنانەت یەکخستنی هێزە چەکدارەکانی حیزبەکان لە پێکهاتەیەکی یەکگرتوودا، ئەگەریش بکرێت، کە هەڵبەت کارێکی زۆر دژوارە، ناتوانێت گەرەنتییەکی تەواو بێت بۆ بەکارنەهێنانی چەک لە ململانێ سیاسییەکاندا. پێش لە پێشنیاری دروستکردنی «سپایەکی کوردستانی»ی یەکگرتوو، دەبێ وەڵامێکی ڕوون بۆ ئەم پرسە هەبێت: ئەم هێزە لەژێر کۆنترۆڵی چ ناوەندێکدایە؟ بە بڕوای ئێمە، وەها هێزێک بەناچار دەبێ لەژێر ڕێنوێنیی و ئاراستەی دامەزراوە جەماوەرییەکاندا بێت، نەک فەرماندەیی حیزبە سیاسییەکان، چونکە هەر ناکۆکییەکی سیاسی لە نێوان حیزبەکاندا دەتوانێ ئەم هێزە (بە ڕواڵەت یەکگرتووە) لەناکاو بەسەر گرووپە جیاوازەکانی سەر بە حیزبەکاندا دابەش بێت

٥- حیزبە سیاسییەکان لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت دەسەڵاتی سیاسی لەسەرووی خەڵکەوە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. دەسەڵاتداریێتی، مافی ناوەندە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکە و ناتوانرێت بە بیانووی «قۆناغی ڕاگواستن» یان «ئامادەنەبوونی خەڵک»، مافی سروشتیی جەماوەر بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ سنووردار بکرێت. لە ئەگەری دروستبوونی هەر بۆشاییەکی دەسەڵات، دەبێ لە ڕێگەی هاندانی خەڵکەوە بۆ دروستکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە گەڕەکەکان، شارەکان، ناوەندەکانی کار، زانکۆکان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە پڕ بکرێتەوە، نەک ئەوەی کە حیزبەکان ئەو بۆشاییە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. کوردستانی ئێران خاوەنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و مەدەنیی بەهێزە و زاڵبوونی ڕوانگەی سەربازی بەسەر سیاسەتدا، ئەم سەرمایە بێوێنەیە لاواز دەکات

٦- فاکتەرێکی نوێ لەم نێوەندەدا هاتووەتە ئاراوە کە گرنگی هەموو ئەو [illegible] شتانە دوو هێندە دەکات: دەوڵەتی ئەمریکا بە ڕەسمی ڕایگەیاندووە کە پەیوەندیی بە گرووپە چەکدارە کوردییەکانی ئێران و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستانەوە کردووە و داوای لێکردوون دەست بکەن بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی زەمینی لە خاکی کوردستانەوە دژبە کۆماری ئیسلامی. بەگوێرەی ڕاپۆرتی تۆڕی سی، ئێن، ئێن، «ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا، سەرقاڵی کارکردنە لەسەر بەرنامەیەک بۆ پڕچەککردنی هێزە کوردییەکان بە ئامانجی هاندانی ڕاپەڕین لەناوخۆی ئێران». وەک دیارە دەوڵەتی ئەمریکا بەبێ هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان، تەنیا بە پشتبەستن بە چەک و پارە، دەیەوێت بیانخاتە سەر ڕێڕەوی دابینکردنی ئامانجەکانی خۆی، ئامانجگەلێک کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی چەوساوەی کوردستان یەکناگرنەوە. ئەمریکا هەروەک چۆن بزووتنەوەی ڕۆژئاوای لە سووریا پاش گەیشتن بە ئامانجەکانی، تەنیا هێشتەوە و ڕادەستی دەوڵەتی ناوەندی [illegible] سووریای کرد، کاتێک سات و سەوداکەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەربگرێت، ئەم هاوپەیمانییەش لە گۆڕەپانەکەدا بە تەنیا جێدەهێڵێت. ئەگەر کۆتایی هاتنی شەڕ و سازشی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا شتێکی چاوەڕوانکراو بێت، ئەوا ستراتیژییەک کە بەرژەوەندییەکانی خۆی بە سیاستەکانی ئەمریکاوە گرێ دابێت، نەک هەر بە هیچ ئاکامێک ناگات، بەڵکوو وەک ژەهرێک وایە کە دەڕژێتە جەستەی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە

٧- ئێمە نەک هەر ناتوانین ببینە بەشێک لەم پڕۆژە دیاریکراوە، بەڵکوو ئەوە بە سەرەتای کارەساتێک بۆ داهاتووی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانین. هەر ئێستا ئەگەر ئەم حیزبانە لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنانەی لە پشت پەردەوە کراون، هێزەکانی خۆیان بە پێی سیاسەتی شەڕی لایەنێکی تر بێننە مەیدان، کێ بەرپرسیارێتیی لێکەوتە کارەساتبارەکانی دەگرێتە ئەستۆ؟

دۆستانی ئازیز، یەکێتیی و هاوپەیمانییەکی کە لەسەر بنەمایەکی لەرزۆک و خۆبواردن لە دەربڕینی جیاوازییە ڕاستەقینەکان بونیاد بنرێت، نەک هەر بزووتنەوەی کوردستان بەرەو پێش نابات، بەڵکوو لە ساتە هەستیارەکاندا دەبێتە بارێکی قورس بەسەر شانییەوە. ئێمە باوەڕمان بە هاوپەیمانییەک هەیە کە بە ڕاستگۆیی و بە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان پێک بێت. باوەڕمان وایە کە ڕوونیی و شەفافییەتی ئەمڕۆ، باشترە لە قەیرانی سبەینێ

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و بە هیوای دیالۆگی بنیاتنەرانەی زیاتر،**

**کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**١٥ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی**

****

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەفزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧١ -ڕەشەممەی ١٤٠٤ی - مارسی ٢٠٢٦

# بانگەوازێک بۆ تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە لە کوردستان

**هاوڕێیانی ئازیز، خەباتکارانی ماندوویی‌نەناس!**

ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ڕۆژە پڕ لە جۆش و خرۆشانەدا تێدەپەڕێت، ئەو ڕۆژانەی کە لە شار و گوند و کێو و دەشتەکانی کوردستاندا، شانبەشانی یەک خەباتمان دەکرد، ئامانجێکی هاوبەشمان لەناخدا بوو و پێکەوە بیروباڕێکی یەکسانمان بوو. زۆربەتان تافی لاوی و باشترین ساتەکانی تەمەنتان لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا تێپەڕاند. وانەتان وەرگرت و وانەتان بەخشی، ڕەنجتان کێشا و ئومێدتان لە دڵی خەڵکدا زیندوو ڕاگرت. پاشان بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک مەسەلەی ژیان، بنەماڵە و گۆڕانی هەلومەرج، گەڕانەوە بۆ ناو شار و گوندەکانی کوردستان و لەناو خەڵکدا مانەوە. بەڵام ئایا ڕۆژێک هەبووە کۆمەڵەتان لەبیر چووبێتەوە؟ ئایا ساتێک هەبووە ئەو ئامانج و بیروباوەڕە لە دڵتاندا خامۆش بووبێت؟ ئێمە دەزانین کە نا، وانییە و ئێوەش دەزانن. لە ماوەی چل و حەوت ساڵی ڕابردوودا، هەزاران تێکۆشەر لە قوتابخانەی کۆمەڵەوە سەریان هەڵدا، لە قوتابخانەیەکدا کە بەهای مرۆڤی بە سەروەت و سامان پێوانە نەدەکرد، کە ئازادیی ژنی بە پرسێکی جیانەکراوە لە ئازادیی کۆمەڵگە دەزانی، کە هاوکات لە دژی ستەمی نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی دەوەستایەوە.
ئێوە لەو قوتابخانەیەدا پەروەردە بوون. ئەم وانانە نەک لە دووتوێی کتێبدا، بەڵکوو لە ناو جەرگەی ژیان و خەباتدا فێر بوون

ئێستا هەر ئەو تێکۆشەرانە، لە گەڕەک و شار و گوندەکانی کوردستاندا دەژین و لەناو جەماوەردان. سیمایەکی خۆشنێو و ناسرا و جێگەی متمانەی خەڵکن و لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە مەدەنییەکاندا دەوری کاریگەریان هەیە. ئەم ئامادەبییە، ئەم متمانەیە و ئەم پەیوەندییە لەگەڵ جەماوەری خەڵک، شتێکی کەمبایەخ نییە، ئەمە سەرمایەیەکی زۆر گەورەیە. بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە گۆڕاوە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، ئەم هەیکەلە کۆن و ڕزیوە، لە هەموو لایەکەوە لەژێر گوشاردایە. گوشاری ئەو خەڵکەی کە چیتر تەحەمولی ستەم و هەژاری و سەرکوتیان نەماوە. گوشاری قەیرانە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبنەوە. گوشاری گۆشەگیرییە نێودەوڵەتییەکەی کە دەرگاکانی جیهانی بەسەر ئەم ڕژێمەدا داخستووە. گوشاری گەمارۆی ئابووری کە پشتی خەڵکی چەماندووەتەوە، بەڵام هەیمەنە و دەسەڵاتی ڕژێمیشی خستووەتە لەرزە و هەروەها شکستی هێزە بەوەکالەتەکانی لە ناوچەکەدا کە دوایین پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی ئەم حکوومەتە لاداوە

لە کوردستان، خەڵک نەک بە چاوی دەسەڵاتدار سەیری هێزەکانی ڕژێم ناکەن، بەڵکوو وەک داگیرکەر دەیانبینن. ئەم تێڕوانینە، ئەم وشیارییە و ئەم تووڕەیی و بێزارییە سەرکوتکراوە، نیشانەی شتێکە کە هەموومان ساڵانێکە چاوەڕێین: ئەو ساتەی کە مێژوو سەرلەنوێ دەکەوێتەوە بزووتن. لە ئاوا ساتەوەختێکدا، کۆمەڵە پێویستی بە ئێوەیە، بە ئێوەیەک کە لەناو جەماوەردان، کە دەنگتان دەناسن و ناوتان بە خەباتەوە گرێ دراوە. دەزانین کە ڕەنگە لەم ساڵانەدا، لە هەندێک بواردا، خاوەنی ڕا و بۆچوونی جیاوازتر بن لەگەڵ هەڵوێستە فەرمییەکانی کۆمەڵە. دەزانین کە ژیان، ئەزموون و تێڕامان، مرۆڤ دەگۆڕێت. ئەمە نەک هەر جێگەی نیگەرانیی ئێمە نییە، بەڵکوو وەک بەهایەک چاوی لێدەکەین. کۆمەڵەیەک کە پێویستی بە ئەزموون و ڕەخنەی ئێوە نەبێت، کۆمەڵەیەکی چالاک، پڕجۆش و خرۆش و زیندوو نابێت. ڕوانگە و بۆچوونی فرەچەشن، هێزە، نەک لاوازی. ڕەخنەی ڕاستگۆیانە ڕووناکی دەبەخشێت نەک تاریکی. ئێمە گوێ لە دەنگی ئێوە دەگرین و ئەزموونەکانتان بەرز دەنرخێنین. وەرن با بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە، لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە هەمانە دەست بخەینە ناو دەستی یەک. کۆمەڵە ڕێکخراوی ئێوەیە. هی ئەم یان ئەو کەسایەتی نییە، بەڵکوو بەرهەمی ڕەنج و خەباتی هەزاران مرۆڤی وەک ئێوەیە. کۆمەڵە نوێنەری ئەو خولیا و ئاواتانەیە کە ئێوە لە تافی لاویدا لەپێناویان هاتنە مەیدان: ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مرۆڤ. ئەم ئاواتانە هێشتا زیندوون. ئەم خەباتە هێشتا بەردەوامە و ئەم ساتەوەختە، قۆناغێکی مێژووییە کە بەدەگمەن هەڵدەکەوێت

هاوڕێیانی هێژا،

ئەمڕۆ داواتان لێ دەکەین کە خۆتان ئامادە بکەن. ئامادە بن بۆ گێڕانی ئەو دەورەی کە مێژوو، ئەزموون و پێگەی جەماوەریتان پێتان دەبەخشێت. شانبەشانی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە شار و گوندەکانی کوردستان هەنگاو هەڵبگرن. بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن، لە ڕێکخستنی گەڕەک، لە وشیارکردنەوەی خەڵک، لە پشتیوانیکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەر بوارێکی تردا کە بۆتان دەکرێت، ئامادەییتان هەبێت. کۆمەڵە پێویستی بە ئەزموونەکانتانە. پێویستی بە تۆڕی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ جەماوەرە. پێویستی بەو متمانەیە هەیە کە لە ماوەی ساڵانێکدا بە ڕەفتار و ڕاستگۆیی خۆتان بەدەستان هێناوە. کۆمەڵە پێویستی بە ئێوەیە

**ئامانج هەمان ئامانجە. خەبات بەردەوامە. کاتی ئەوە هاتووە دووبارە پێکەوە بین.**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**یازدەی ڕەشەمەی ١۴٠۴**

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**
@Komalamedia
@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**
Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە هەوڵەکان بۆ پەلکێشکردنی کوردستان بۆ نێو شەڕی زەمینیی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی




ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لە نێوان کۆماری ئیسلامی لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی ترەوە لە ئارادایە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەهەندی بەربڵاوتر بەخۆوە دەگرێت و ئاستی وێرانییەکانی بەربڵاوتر دەبێت. هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ تێکشکاندنی ناوەند و بنکە سەربازی، ئەمنی و حکومەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە توندی بەردەوامە. بەشێکی گرنگی ئەم هێرشانە لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئەنجام دراون: شارەکانی سەردەشت، بانە، مەریوان، سنە، پاوە، بۆکان، مەهاباد و شار و ناوچەکانی تری کوردستان چەندین جار کراونەتە ئامانجی ئەم هێرشانە. لە بەرانبەر ئەم دۆخەدا، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی پەنای بردووەتە بەر یەکێک لە ناسراوترین و دژە مرۆییترین شێوازەکان، کە بریتییە لە نیشتەجێکردنی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لە نێو خەڵکدا. هێزەکانی سپای پاسداران و ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی تر لە قوتابخانە، مزگەوت و شوێنە گشتییەکانی دیکەدا جێگیر کراون تا بەکردەوە خەڵک وەک قەڵغانی مرۆیی بەکار بهێنن. ئەم دۆخە نیشانی دەدات کە لەم شەڕەدا، گیان و ژیانی خەڵک بۆ هیچکام لە لایەنەکانی شەڕەکە گرنگ نییە. لەلایەوە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی خەڵک دەکاتە قەڵغانی مرۆیی و لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بەدوای ئامانجە سەربازی و سیاسییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن بەبێ ئەوەی چارەنووسی خەڵکیان بۆ گرنگ بێت لە ئاوا بارودۆخێکدا، دەنگ و باسێکی کە ئەم ڕۆژانە لە میدیاکان و ناوەندە سیاسییەکاندا دێتە گۆڕێ، نیگەرانییەکی جددی و واقیعی بۆ خەڵکی کوردستان و هێزە ئازادیخوازەکان دروست کردووە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە بەرنامەیاندایە هێزی چەکداری هەندێک لە حیزبە کوردستانییەکان وەک هێزی زەمینی لە شەڕی دژی کۆماری ئیسلامی بەکار بهێنن. بە وتەی بەرپرسانی ئەمریکا و ئیسرائیل و هەروەها هەندێک سەرچاوەی سیاسی، گەڵاڵەیەک لەژێر لێکۆڵینەوەدایە کە لەسەر بنەمای ئەو، هێزی چەکداری حیزبە کوردییەکان بتوانن لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە بچنە ناو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و کۆنترۆڵی بەشێک لەو ناوچانە بگرنە دەست دەوترێت کە ئەم گەڵاڵەیە سەرەتا لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل و مۆسادەوە پێشنیار کراوە و دواتر ئاژانسی زانیاریی ناوەندیی ئەمریکا (سی ئای ئەی)یش پێوەی پەیوەست بووە. تەنانەت هەندێک ڕاپۆرت سەبارەت بە پەیوەندی و گفتوگۆی نێوان بەرپرسانی ئەمریکایی و هەندێک لە ڕێبەرانی ناو هاوپەیمانی حیزبە کوردستانییەکان بڵاو کراونەتەوە. بڕیارە لە چوارچێوەی ئەم گەڵاڵەیەدا، هێزە چەکدارەکانی ئەم حیزبانە وەک هێزی زەمینی بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە سەربازی و سیاسییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بەکار بهێنرێن. دەرئەنجامەکانی سیاسەتێکی لەو شێوەیە بۆ خەڵکی کوردستان زۆر ڕوون و لە هەمان کاتدا زۆر مەترسیدارە. چوونی هێزی چەکداری ئەم حیزبانە بۆ ناو شارەکانی کوردستان، لە کاتێکدا کە ڕژێمی تاران هێشتا لەسەر دەسەڵاتە، بەکردەوە بەواتای کردنی کوردستان بە ناوەندی سەرەکیی شەڕە. لەو حاڵەتەدا، شار و گوندەکانی کوردستان دەبنە گۆڕەپانی ڕاستەوخۆی شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەو هێزانەی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە پاڵپشتیی دەکرێن، و یەکەم قوربانییەکانیشی بریتی دەبن لە خەڵکی بێدەفاع ئەزموونە مێژووییەکانیش بە ڕوونی نیشانی دەدەن کە پشت بەستن بە سیاسەت و بەڵێنی زلهێزەکان چ دەرئەنجامێکی تاڵی لێدەکەوێتەوە. لە ساڵەکانی ١٩٩٠ و١٩٩١دا، دوای شەڕی کەنداو کاتێک خەڵکی کوردستان بە ڕاپەڕینی خۆیان هەرێمی کوردستانیان ئازاد کرد، سەرەڕای ئەو بەڵێنانەی کە دەوڵەتی ئەمریکا بە حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی دابوو، کاتێک سپای سەدام هێرشە بەربڵاوەکانی دەست پێکرد، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەکردەوە خەڵکی کوردیان تەنیا هێشتەوە. ئاکامەکەی بریتی بوو لەوەی کە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستانی عێراق ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن و ئاوارەی شاخ و کێوەکان بن و زۆرێک لە منداڵان و بەساڵاچووان گیانیان لەدەست دا. لەم ساڵانەی دواییشدا ئەزموونی بزووتنەوەی خەڵکی کورد لە سووریا نموونەیەکی بەرچاوی تری هەمان ئەو ڕاستییەیە. هێزە کوردییەکان لە سووریا چەندین جار لەگەڵ مەترسی بەتەنیا جێهێشتن لەلایەن هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانیان بەرەوڕوو بوونەتەوە و هەر جارە و بە گۆڕانی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان، سیاسەتی زلهێزە جیهانییەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەمانە تەنیا دوو نموونە بوون، بەڵام بەداخەوە مێژووی خەڵکی کورد پڕە لە ئەزموونی تاڵی لەو شێوەیە. ئەم ئەزموونانە بۆ خەڵکی کوردستان هەڵگری وانەیەکی ڕوونن: سیاسەتی زلهێزەکان نەک لەسەر بنەمای پابەندیی ئەخلاقی، بەڵکوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کاتیی و سات و سەودای شاراوە دادەڕێژرێت سەرباری هەموو ئەمانە، نابێ لە لێکەوتە ناوچەییەکانی سیناریۆیەکی لەو چەشنە غافڵ بین. لە ئەگەری پەرەسەندنی تێکهەڵچوونەکان و بەشداریی هێزی چەکداری حیزبە کوردستانییەکان لە شەڕدا، هەرێمی کوردستانی عێراقیش دەکەوێتە بەر مەترسییەکی جددی. کۆماری ئیسلامی و گرووپەکانی حەشدی شەعبی هاوئاراستەی ئەو ڕژێمە لە عێراق چەندین جار نیشانیان داوە کە بەمەبەستی گوشار خستنە سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئامادەن دەست بۆ هەر کارێک بەرن. لە هەمان کاتدا ڕۆڵی دەوڵەتی تورکیاش لەم هاوکێشانەدا نابێ پشتگوێ بخرێت. دەوڵەتی تورکیا هەمیشە پرسی کوردی لە گۆشەنیگای ئاسایشی ناوخۆی خۆیەوە چاولێکردووە و لە هیچ دەرفەتێک بۆ سنووردارکردن و شکستهێنان بە بزووتنەوەکانی خەڵکی کورد لە ناوچەکەدا درێغ ناکات. گۆڕانکارییەکانی ئێستا دەتوانێت دەرفەتێک بۆ دەوڵەتی تورکیاش بڕەخسێنێت تا بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە کاتێکی هەستیاردا گورزی خۆی لە بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان بوەشێنێت لەمڕووەوە، بوونی کوردستانی ئێران بە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەتی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان، نەک هەر کۆمەک ناکات بە ئازادیی خەڵک، بەڵکوو دەتوانێت کارەساتێکی گەورە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە و بۆ تەواوی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ئێران بەدوای خۆیدا بهێنێت هەڵوێستی کۆمەڵە لەم ناوەدا ڕوون و ڕاشکاوە. کۆمەڵە هێزێکی شۆڕشگێڕ و ڕیشەدارە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کە دەیان ساڵە لە سەنگەری پێشەوەی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیدا بووە. ئەم خەباتە ڕاستەقینە، پڕ تێچوو و بەردەوام بووە و هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز لەم ڕێگەیەدا گیانیان بەخشیوە. بەڵام هەر ئەم پێشینە و مێژووە خەباتگێڕانە، وانەیەکی گرنگی بە ئێمە داوە: ئازادی، یەکسانی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و هەر دەستکەوتێکی جێگیری تر، تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی خودی جەماوەر بەدەست دێت. کۆمەڵە سەرەڕای خەباتی شێلگیرانە و بێ پسانەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی، ناچێتە نێو هیچ هاوپەیمانێتی یان پڕۆژەیەک کە لە ئاراستەی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بێت. ئێمە نە بەشێکین لە پڕۆژەی سەربازی زلهێزەکان و نە ڕێگەش دەدەین خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان ببێتە ئامرازی کایە ژیۆپۆلیتیکییەکان. ئێمە لەپێناو ئازادی، یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکدا خەبات دەکەین، نەک بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل کە خۆیان لە سەرانسەری جیهان هۆکاری پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان سیاسەتی پاوانخوازین لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە، چارەنووسی خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئێران دەبێ بە دەستی خۆیان دیاری بکرێت. هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانی ئێمە بریتین لە کرێکاران، ژنان، گەنجان، موعەلیمان، نەتەوە بندەستەکان و سەرجەم هێزە ئازادیخوازەکان لە سەرانسەری ئێران، نەک ئەو دەوڵەتانەی کە هەر ڕۆژە و سیاسەتی خۆیان دەگۆڕن و دوێنێ و ئەمڕۆ بەلایانەوە جیاوازییەکی نییە. ئەوەی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک گرنگی زیاتری هەیە، بریتییە لە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان و ڕێگریکردن لە بوونی ئەم بزووتنەوەیە بە ئامرازی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەزموونی مێژوو نیشانی داوە هەر کاتێک بزووتنەوە جەماوەرییەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دابێت، سەرەنجامەکەی جگە لە شکست، سەرکوت و کارەسات بۆ خەڵک، هیچی تر نەبووە کۆمەڵە لە تەنیشت خەڵکی کوردستان و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی ئێران ڕاوەستاوە. ئێمە لەدژی کۆماری ئیسلامی خەباتمان کردووە و لەم خەباتەش بەردەوام دەبین. بەڵام ئەم خەباتە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی سەربەخۆ و بە پشت بەستن بە هێزی خودی کۆمەڵگە بەرەوپێش دەبەین، نەک لە چوارچێوەی پڕۆژەی ئەو هێزانەی کە چارەنووسی نەتەوەکان وەک مۆرەی یارییە جیهانییەکانی خۆیان دەبینن

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**شازدەی ڕەشەممەی ١٤٠٤**

****

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە پێویستیی هاوپەیمانیی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان لە کوردستان

کۆمەڵگەی ئێران لە یەکێک لە قەیراناویترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆیدایە. سێزدە ڕۆژە شەڕێکی وێرانکەر بەردەوامە. لە ڕۆژەکانی سەرەتادا، ئامانجی هەردوولا زیاتر سەربازی بوو، بەڵام ئێستا مەودای شەڕەکە فراوانتر بووە. ژێرخانە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانیش دەکرێنە ئامانج. ئاو، کارەبا، گواستنەوە، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و پێداویستییە سەرەتاییەکانی دیکەی خەڵک لەژێر هەڕەشەدان. ئەمەش واتە شەڕ، زیاتر لە پێشوو، ڕاستەوخۆ بنەماکانی ژیانی خەڵکی کردووەتە ئامانج

لە ئاوا بارودۆخێکدا، کوردستانی ئێران پێگەیەکی تایبەتی هەیە. کوردستان تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکوو کۆمەڵگەیەکی سیاسیی زیندووە. کۆمەڵگەیەکی خاوەن پێشینە و یادەوەریی مێژوویی، ئەزموونی خەبات و حزووری چالاکانەی حیزبە سیاسییەکان. هەر بۆیە دەکرێ بوترێ کوردستان «کۆمەڵگەیەکی حیزبی»یە. حیزبەکان تەنیا ڕێکخراوی سیاسی نین، بەڵکوو بەشێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی هەیە، لە ڕووداوە گرنگەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن و لە کاتە هەستیار و قەیراناوییەکاندا، کار دەکەنە سەر ئاراستەی کۆمەڵگە

یەکێک لە هەڵە باوەکان ئەوەیە کە کوردستان تەنیا لە گۆشەنیگای پرسی نەتەوایەتی یان تەنیا لە ڕوانگەی ململانێی حیزبەکانەوە چاوی لێبکرێت. ئەمە تێڕوانینێکی تەواو نییە. کوردستان وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە. بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری تێدایە و ڕەوتی سیاسیی جیاواز بوونیان هەیە. ویست و داواکاریی کرێکاران، موعەلیمان، ژنان، گەنجان، بێکاران و زەحمەتکێشان ناتوانرێت تەنیا لە چوارچێوەی ململانێی نێوان حیزبەکاندا کورت بکرێتەوە

لەم ناوەندەدا، چەپ و سۆسیالیزم لە کوردستان ڕەوتێکی پەراوێزی یان تەنیا ڕۆشنبیری نییە. ئەم ڕەوتە بووەتە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی، خاوەن ڕەگ و ڕیشە، خاوەن مێژووی، خاوەن جێگە و پێگە و لە یادەوەریی سیاسیی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. لە دیاریکردنی ئاسۆیەکی دادپەروەرانە بەرووی خەڵکدا ڕۆڵی هەبووە. لەم نێوەندەدا، کۆمەڵە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینیوە، چ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستبوونیدا و چ لە ساڵانی دواتردا، کۆمەڵە توانی چەپ لە هەڵوێستێکی تەنیا تیۆرییەوە بگۆڕێت بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە

ئەم ڕاستییە بە جیابوونەوەکان لەناو نەچووە. ئەمڕۆ بەداخەوە دوو ڕێکخراو بە ناوی کۆمەڵە کار دەکەن. هەردووکیشیان خۆیان بە نوێنەری ئەم سوننەتە سۆسیالیستییە دەزانن. ئەم دۆخە بێگومان نیشانەی بارودۆخێکی نەخوازراوە، بەڵام نەخوازراو بوونی ئەم دۆخە، گۆڕانکاری لە جەوەەری بابەتەکەدا ناکات. جەوهەری بابەتەکە ئەوەیە کە ڕەوتی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان، سەربەخۆ لە شێوازی ڕێکخراوەیی ئێستای، سەرەڕای ئەم پەرتەوازییەش، هێشتا هێزێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتییە

لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، هەزاران هەڵسووڕانی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستانەوە چوونەتە دەرەوەی وڵات. لە هەمان کاتدا، چەند هێندەش گەڕاونەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و بە گشتی لەسەر هەمان بەستێنی کۆمەڵایەتیی چەپدا ماونەتەوە. زۆرێک لەم کەسانە ئەمڕۆ ئەندامی فەرمیی هیچ حزبێک نین، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە وازیان لە خەت و ڕێبازی خۆیان نەهێناوە. لە ناوەندەکانی کار، لە گەڕەک و لە شار و گوندەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و سنفییەکاندا، خاوەن نفووز و ناسراون، متمانەپێکراون و کاریگەرییان لەسەر کەسانی تر هەیە

ئەم هێزانە هەمان ماددەی مرۆیی پێویست بۆ هاوپەیمانییەکی بەربڵاو پێکدەهێنن. ئەمە سەرمایەیەکی کەم وێنەیە. زۆرێک لە بزووتنەوە و هاوپەیمانییەکان لە شوێنانی دیکە، سەرەتا دەبێ هەیکەلێکی ئەوتۆ لە سفرەوە بنیات بنێن، بەڵام لە کوردستان ئەم هەیکەلە پێشوەختە بوونی هەیە. پەرتەوازەیە بەڵام بوونی حاشاهەڵنەگرە، بێدەنگ نییە، تەنیا نارێکخراوە. هەر بۆیە، بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەکی هاوبەش، لە بنەڕەتدا نابێت کارێکی ئاستەم بێت

لە ڕووی بەرنامەوە، خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم هێزانە زۆر زیاترن لە جیاوازییەکان. بەشێکی بەرچاوی هەڵسووڕانی چەپ و سۆسیالیستی کوردستان جەخت لەسەر ئامانجە گەورەکانی وەک ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، یەکسانیی ژن و پیاو، نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، مافی ڕێکخراوبوون، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و جۆرێک لە دیموکراسیی جەماوەریی یان شۆڕایی دەکەنەوە. تەنانەت ئەو دوو ڕەوتەی ناوی کۆمەڵەیان هەڵگرتووە، هێشتا لە هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەکانیاندا هاوبەشن. جگە لەوەش، زۆرێک لە هەڵسووڕاوانی سەربەخۆش لە گوتار و کرداریاندا نوێنەرایەتیی هەمان ئاسۆ دەکەن

کەواتە کێشە سەرەکییەکە نەبوونی ئامانجی هاوبەش نییە، بەڵکوو نەبوونی پرۆژەیەکی کردەیی هاوبەشە. واتە ئەو شتەی کە ئەم هاوبەشییانە لە ئاستی ئارەزوو و یادەوەری و مێژووەوە، بگوازێتەوە بۆ ئاستی هاوکاریی ڕاستەقینە و ڕێکخراو. ئەگەر ئەمە ڕوو نەدات، سەرمایەی کۆمەڵایەتیی چەپ بە پەرتەوازەیی دەمێنێتەوە، هەر بەشێکی بە جیا کار دەکات و لە قۆناغە یەکلاکەرەوەکاندا کاریگەریی پێویستی نابێت

واقیعییەت ئەوەیە کە بارودۆخی شەڕ، ئەم پێویستییەی چەند قات کردووە. شەڕ تەنیا لە نێوان دەوڵەتەکاندا نییە، بەڵکوو بەسەر ژیانی خەڵکدا دەڕووخێت. کاتێک ژێرخانە ئابووری و خزمەتگوزارییەکان دەکرێنە ئامانج، یەکەم قوربانییەکان بریتین لە چینی هەژار و خوارەوەی کۆمەڵگا. کرێکار، مووچەخۆر، ژنی ناو ماڵ، منداڵ، بەساڵاچوو، نەخۆش، بێکار و پەراوێزنشینەکان زیاتر زیانمەند دەبن. لە ئاوا بارودۆخێکدا، دروستکردن و بەهێزکردنی جەمسەرێکی چەپ و جەماوەری لە کوردستان بووەتە پێداویستییەکی بەپەلە

ئەگەر هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان بە پەرتەوازی بمێننەوە، مەیدان بۆ ڕەوتەکانی دیکە ئاوەڵاتر دەبێت. بۆ ئەو سیاسەتانەی کە کۆمەڵگە تەنیا لە پەنجەرەی ململانێ سەربازییەکان یان دەسەڵاتخوازییەوە دەبینن، بۆ ئەو ڕوانگانەی کە خەڵکیان تەنیا وەک پاشکۆی بڕیارەکانی سەرەوە دەوێت، بۆ ئەو سیاسەتە بەپەلە و سەرکێشانەی کە دەتوانن تێچوویەکی قورس بەسەر کوردستاندا بسەپێنن، بەبێ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕوونیان لەپێش بێت

هاوپەیمانیی هێزە چەپەکان دەتوانێت دەنگێکی سەربەخۆ دروست بکات. دەنگێک کە هەم دژی شەڕ و وێرانکاری بێت و هەم دژی کۆماری ئیسلامی. دەنگێک کە بەرژەوەندیی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بخاتە چەق و ناوەندی کارە ئەرکەکانییەوە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستە

بۆ پێکهێنانی وەها هاوپەیمانییەک، دەبێ واقیعبین بین. جیاوازییەکان هەن و ناکرێت نکۆڵییان لێ بکرێت. بەڵام لەم قۆناغەدا، نابێ تەوەرەی باسەکان، نابێت بریتی بێت لە ململانێ مێژووییەکان یان جیاوازییە تەنیا تیۆرییەکان. گەڕانەوەی بەردەوام بۆ ناکۆکی و ململانێ کۆنەکان، نەک هەر یارمەتیی یەکگرتوویی نادات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، دەتوانێت هێزەکان سەرلەنوێ لە هەمان بازنەی داخراوی ڕابردوودا بهێڵێتەوە. هاوپەیمانیی هێزە چەپەکان دەبێ لەسەر بنەمایەکی پتەو دابمەزرێت. ئەوەی دەبێ ببێتە چەقی سەرنجەکان، سیاسەت و ستراتیژە. ئەوەی کە دۆخەکە چۆن دەبینین؟ ئەولەویەتەکانمان چین؟ بە هەبوونی خاڵی هاوبەش لە ئامانجە گشتییەکاندا، دەکرێ لەسەر تاکتیک و ستراتیژ گفتوگۆ بکرێت. دەبێ لەم بارودۆخە دیاریکراوەی ئێستادا لەسەر ۆنیەتیی وەدیهێنانی ئەو ئەولەوییەتانە جەخت بکرێتەوە

ئەگەر لەسەر ئەم پرسیارانە گفتوگۆیەکی جیدی و / ەرپرسیارانە بکرێت، ئەگەری گەیشتن بە لێکتێگەیشتن زۆر زیاتر دەبێت. چونکە لە ئاستی ئامانجە گشتییەکاندا، هاوبەشییەکان بوونیان هەیە. ئەوەی پێویستی بە ێککەوتنە، بریتییە لە چۆنیەتیی کارکردن لە بارودۆخی دیاریکراوی ئێستادا. هاوپەیمانییەکی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان نابێ تەنیا ڕەمزی بێت، نابێ تەنیا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش بێت. دەبێ کارکردی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕوونی هەبێت. هاوپەیمانییەکی وەها دەتوانێت بە کۆمەڵگە نیشان بدات کە چەپ تەنیا ناو و ئاڵا نییە، تەنیا ڕێکخراو و جیابوونەوە نییە، بەڵکوو هێشتا دەتوانێت هێزێکی زیندوو، بەرپرسیار و کاریگەر بێت لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**٢٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤**

****




بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، هەواڵی ماڵئاوایی بەرێز ساڵح موسلیم، تێکۆشەری ماندوونەناس، سیاسەتمەداری دیار و هاوسەرۆکی پێشووی پارتی یەکێتی دیموکراتیک (PYD)، مان پێگەیشت

ساڵح موسلیم تەنها سەرکردەیەک نەبوو، بەڵکوو دەنگی ڕەوای گەلێکی چەوساوە و ستەملێکراو بوو لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی ئەو گەلەدا. ئەو تەمەنی خۆی لە پێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد و بنیادنانی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک لە ڕۆژئاوای کوردستان تەرخان کرد. لەو ڕۆژانەی کە هێزی کۆنەپەرستی "داعش" هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەر مرۆڤایەتی، ئەو یەکێک بوو لەو ڕابەرانەی کە بە لێهاتوویی و ئیرادەیەکی پۆڵادینەوە ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە بەجیهانیکردنی پشتیوانی لە بەرگری کۆبانی و بزوتنەوەی ڕۆژئاوا بە گشتی

ساڵح موسلیم، هەر لە سەرەتای گەنجییەوە، وەک ئەندازیارێک و دواتر وەک کەسایەتییەکی سیاسیی، لە دژی ستەم و سەرەڕۆیی ڕژێمی بەعسی سووریا وەستایەوە و چەندین جار ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجە بووەوە. ئەو ڕۆڵێکی کاریگەر و مێژوویی گێڕا لە دامەزراندنی پارتی یەکێتی دیموکراتیک و چەسپاندنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و خەباتکارانەی جەماوەری خەڵکی هاوچارەنوس لە سووریا

بەرێز ساڵح موسلیم نەک هەر لە چالاکی نێونەتەوەیی بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی جیهانی بۆ بزوتنەوەی ڕۆژئاوا دەوری سەرەکی بینی، بەڵکوو لە هەمان کاتدا، بە کردەوە هاوسەنگەری ڕۆڵەی گیانبەختکردوی واتە (شێروان موسلیم) لە سەنگەری بەرگریدا بوو

ئێمە بەم بۆنەوە، وێڕای دەربڕینی غەم و پەژارەی قووڵی خۆمان، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان، هاوسەنگەرانی لە ڕۆژئاوای کوردستان و تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین. بێگومان لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە، لەم هەلومەرجە هەستیارەی ناوچەکەدا، خەسارێکی گەورەیە؛ بەڵام وانەکانی ژیانی پڕ لە خەبات، فیداکاری و کۆڵنەدانی ئەو چرای ڕێگای تێکۆشەرانی ڕێبازی ئازادی و یەکسانی دەبێت

**یادی بەرز و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.**
**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**١١ی مارسی ٢٠٢٦**

****

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧١ -ڕەشەممەی ١٤٠٤ی - مارسی ٢٠٢٦



# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن

ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، لە هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، لە کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە کچانی بوێر و دایکانی خۆڕاگر، لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە بۆ جیهانێکی دوور لە هەڵاواردن، چەوسانەوە و ستەم تێدەکۆشن، بە گەرمی پیرۆزبایی دەکەین لەم ڕۆژەدا، پێش هەر شتێک یاد و ناوی ئەو ژنانە بەرز ڕادەگرین کە لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا بۆ بەدەستهێنانی مافە مرۆییە پێشێلکراوەکانیان خەباتیان کرد و گیانیان لەو پێناوەدا بەخت کرد، ئەو ژنانەی کە لە شەقام، زانکۆ، کارخانە، گەڕەک، زیندان و هتد، لە بەرانبەر سووکایەتی و توندوتیژیدا وەستانەوە و بە خۆڕاگریی خۆیان، بوونە چرای ڕێگای نەوەکانی دوای خۆیان. سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو کچ و ژنانەی کە لە شەپۆلەکانی سەرکوت، لە نارەزایەتی و ئاخێزەکان و لە خۆڕاگرییەکانی ڕۆژانەدا، لە ئەشکەنجە و گوللە و زیندان نەترسان. ٨ی مارس بۆ ئێمە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەیە لەگەڵ ئەوان. لەگەڵ ئەوانەی قارەمانانە خۆڕاگرییان کرد تا ژن مرۆڤ بێت، ئازاد بێت و یەکسان بێت ئەگەر هەشتەمین ڕۆژی مارس هەر لە سەرەتاوە مۆرکی شۆڕشی ژنانی کرێکاری بە ناوچاوانییەوە بووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ستەمی سەر ژنان و ستەمی چینایەتی ئاوێتەی یەکتر بوون. ئەو ژنە کرێکارانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە کارخانەکانی ڕستن و چنین لە نیویۆرک و شیکاگۆ ڕاپەڕین، نەک تەنیا بۆ مافی ژنان، بەڵکوو بۆ کەرامەتی مرۆیی هەموو ستەملێکراوان هاتنە مەیدان. پێشڕەویی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان مسۆگەر نابێت مەگەر بە هاتنە مەیدانی کۆمەڵانی میلیۆنیی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش. بەرژەوەندیی ژنان و پیاوانی کرێکار لەوەدایە کە لە ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکان و لە حیزبی سیاسیی خۆیاندا خۆ ڕێکبخەن و دەست لەناو دەستی یەکتر بۆ کۆتاییهێنان بە هەر چەشنە ستەم و سەرەڕۆییەکی سیستەمی سەرمایەداری خەبات بکەن. هیچ بزووتنەوەیەکی کە ئەم پەیوەندییە لەبەرچاو نەگرێت، ناگات بە ڕزگاریی ڕاستەقینەی ژنان. خەبات بۆ یەکسانیی ژن و پیاو، لە خەبات دژی هەژاری، بێکاری، نائەمنی پیشەیی، سەرکوتی ڕێکخراوبوون و دژی بەکاڵاکردنی مرۆڤ جیاناکرێتەوە. یەکسانیی ڕاستەقینە تەنیا بە گۆڕینی ئەو پەیوەندییانە مومکین دەبێت کە هەڵاواردن بەرهەم دەهێننەوە و جەستە و ژیانی ژن دەکەنە مەیدانی نواندنی هێز و دەسەڵات ئەمساڵ لە دۆخێکدا لە ٨ی مارس نزیک دەبینەوە کە کۆمەڵگای ئێران لەژێر گوشاری هاوکاتی قەیرانی سیاسی، قەیرانی ئابووری، چڕبوونەوەی سەرکوت و شەڕی وێرانکەر و نائەمنیدا هەناسە دەدات. بەردەوامیی دۆخی قەیراناوی، ژیانی ملیۆنان مرۆڤی گەیاندووەتە لێواری داڕمان و وەڵامی دەسەڵات، نەک باشترکردنی بژێوی ژیان، نەک دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان و نەک مسۆگەرکردنی ئەمنییەتی مرۆیی، بەڵکوو بریتی بووە لە ئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگا و چڕکردنەوەی هەرچی زیاتری توندوتیژیی دەوڵەتی. کۆمەڵکوژی و سەرکوتی نارەزایەتییەکان، لەوانە ئەو تاوانانەی لە بەفرانباری ڕابردوودا ڕوویاندا، نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی لەسەر دەریایەک لە ڕق و بێزاری خەڵکی وەزاڵەهاتوو حوکمڕانی دەکات. لە وەها دۆخێکدا، ژنان جارێکی تر لە هێڵی پێشەوەی هەم ئازار و هەم خۆڕاگریدان، هەم قوربانییانی یەکەمی هەڵاواردن و توندوتیژین و هەم لە زومرەی پێشەنگانی گۆڕانکاری ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، وەک نموونەیەکی دیاری حکوومەتێکی ئایینیی داکۆکیکار لە سیستەمی چینایەتیی سەرمایەداری، هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی خۆی لەسەر زەوتکردنی مافە مرۆییەکانی ژنان دانا. یەکەم دەرکەوتنی سیاسیی خومەینی لە ساڵی ١٣٤٢، بریتی بوو لە هێرشکردنە سەر ژنان و ئەو مافە سەرەتاییانەی کە لەو سەردەمەدا بەدەستیان هێنابوو، هەڵوێستێکی کە لە یەکەم ڕۆژانی دوای گەیشتن بە دەسەڵات، لە ڕەشەمەی ١٣٥٧دا جەختی لەسەر کردەوە و بەکردەوەی دەرهێنان. لەو کاتەوە، ڕژێمی ئیسلامی دوو باڵی ئایین و پیاوسالاریی بە هەموو هێزەوە لەدژی ژنان بەکار هێنا و دڕندانەترین شێوازەکانی توندوتیژی و سووکایەتیی دژی ژنان بە "یاسایی" کرد سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ وەک هێمای کۆیلایەتیی ژن، هاوسەرگیریی منداڵان، برەودان بە لەشفرۆشی لەژێر ناوی سیغە، چاوپۆشیی یاسایی بەرانبەر بە کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف، بێبەشکردنی ژنان لە مافی سەرپەرشتیکردنی منداڵ، زەوتکردنی مافی قەزاوەت لە ژنان، زەوتکردنی مافی سەفەرکردن بەبێ مۆڵەتی پیاوان، و بە یاساییکردنی نایەکسانیی بەرچاو لە شایەدی و خوێنبەها و میراتدا، کە تێیدا مافی دوو ژن بە یەکسان بە یەک پیاو پێناسە دەکرێت، تەنیا بەشێکن لە کۆی یاساکانی دژەژنی کۆماری ئیسلامی. ئەمانە کۆڵەکەی سیستەمێکن، سیستەمێکن کە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا، جەستەی ژنی کردووەتە مەیدانی فەرمانڕەوایی خۆی بەڵام بە پانتایی ڕەهەندەکانی توندوتیژیی و سەرکوتگەریی کۆماری ئیسلامی دژی ژنان، خەبات و خۆڕاگریی ژنان لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا لە کۆمەڵگا و ژینگەی کاردا، بێ وچان بەردەوام بووە، خۆڕاگرییەکی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" خاڵی گەیشتن بە لووتکەی بوو. ئەم بزووتنەوەیە نیشانی دا کە ژن نەک تەنیا "لاواز و ڕەگەزی دووەم" نییە، بەڵکوو بەتوانا، وشیار، بوێر و فیداکارە و خاوەنی زۆرترین شایستەییە بۆ بنیادنانی جیهانێکی دوور لە شەڕ و کوشتار و لێوانلێو لە ئاشتی، مرۆڤدۆستی و میهرەبانی. بە ڕێکەوت نەبوو کە پەچە و سەرپۆشەکان دەسووتێنران، ژنان لە ڕیزەکانی پێشەوەی خۆپیشاندانەکان بوون، لەبری وتاری مەلا ئایینییەکان، سروود و شێعری شۆڕشگێڕانە لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان دەخوێندرانەوە، وتار و بەیاننامەی هیوابەخش دژی هۆکارەکانی هەڵاواردن و چەوسانەوەی ژنان، واتە ئایین، پیاوسالاری و سەرمایەداری، دەنووسران و بڵاو دەکرانەوە. "ژن، ژیان، ئازادی" تەنیا نارەزایەتی دەژبە حیجابی زۆرەملێ نەبوو، ئاخێزێک بوو دژی تەواوەتی سیستمێک، واتە سیستەمی سووکایەتی، سیستەمی هەژاری و سیستەمی ملکەچکردنی زۆرەملێ کەم نین ئەو ژنە چاونەترسانەی کە لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا خەباتیان کرد، تەسلیم نەبوون و گیانی ئازیزیان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانیاندا فیدا کرد. کەم نین ئەو ژنە تێکۆشەرانەی کە هەموو تابۆکانی ئەو سەردەمەیان شکاند و لە خەبات و بەرخودانی چەکدارانە و سەربەرزانەی کوردستاندا لە بەرانبەر هێرشی لەشکرەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا، قارەمانانە خەباتیان کرد، گیانیان بەختکرد و بوونە ئەفسانەی هەزاران ژن و کچی شۆڕشگێڕ، ئەو ژنانەی کە یاد و ناویا لە بیرەوەریی کۆمەڵانی خەڵکدا دەمێنێتەوە. کەم نین ئەو کچ و ژنانەی لە دژی ستەم و سەرەڕۆی ڕاسان و چارشێو و حیجابی زۆرەملێی ئیسلامییان، وەک سمبولی وەحشیگەری و بەربەرییەتی پیاوسالاریی ئایینی، لە مەیدان و چوارڕێیانەکاندا ئاگر تێبەردا و هاواری یەکسانی و مرۆڤایەتییان بەرز کردەوە. کەم نین ئەو ژنانەی کە لە نارەزایەتی و خەباتی مافخوازانە و بەردەوامی کرێکاران، خوێندکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و لە ڕاپەڕینەکانی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا هاتنە سەر شەقام و هاواری ئازادی و یەکسانییان بەرز کردەوە، سنگی خۆیان لە بەرانبەر سەرکوتگەرانی بێبەزەییدا کردە قەڵغان و ترسی مەرگیان خستە جەستەی ماندووی حکوومەتی ئیسلامییەوە

ئێمە جەخت دەکەینەوە کە خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی، تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی ڕێکخراوی جەماوەری، بە پەرەپێدانی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و بە پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو ستەملێکراوان دەتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات. ئێمە لەسەر پێویستیی بەهێزکردن و پەرەپێدانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ژنان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ئەنجومەنە پیشەییەکانی مامۆستایان و پەرستاران، شوڕاکانی شوێنی کار و گەڕەکەکان و یەکگرتوویی هەموو هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان دژی کۆماری ئیسلامی جەخت دەکەینەوە. ئەم ڕژێمە، بە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و فریو، تێدەکۆشێت ژنان ناچار بە بێدەنگی بکات یان خەباتەکەیان بەرەو ئاراستەیەکی بێمەترسی و بێکاریگەر بەلاڕێدا ببات. ئازادی و یەکسانی دیاریی دەسەڵات نییە، بەڵکوو بەرهەمی خەباتی وشیارانە و ڕێکخراوە. داهاتوو بە هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی ئەم سیستەمە، بە کۆتاییهێنان بە هەر چەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی و چینایەتی و بە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران، بەدی دێت. ژن لە ئێران نەک بابەتی بەزەیی، بەڵکوو هێزی گۆڕانکارییە و ئەم هێزی گۆڕانکارییە، کاتێک لەگەڵ هێزی چینی کرێکار و سەرجەم ستەملێکراوان یەکبگرێت، دەتوانێت تەخت و بەختی کۆماری ئیسلامی و یاسا دژەژن و دژەمرۆییەکانی ڕابماڵێت

**بژی ئازادی و یەکسانی**
**بۆ پێشەوە بەرەو سۆسیالیزم**
**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**ڕەشەمەی ١٤٠٤ – مارسی ٢٠٢٦**

****




ئێستا شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی کۆماری ئیسلامی پێی ناوەتە سێزدەهەمین ڕۆژی خۆیەوە. ئەم شەڕە بە چڕی بەردەوامە و ڕۆژبەڕۆژ کەسانێکی زیاتر گیان لەدەست دەدەن. ژیانی زۆرکەس لە ناو دەچێت. ژێرخانی وڵات وێران دەبێت. قوربانیانی ئەم شەڕە کەسانێکن کە هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە لە دەستپێکردن و ئامانجی دژە خەڵکیی هەردوولا. نە ئامانجی کۆماری ئیسلامی کە لە هەوڵی مانەوەی خۆیدایە، پەیوەندی بە ئازادیی جەماوەرەوە هەیە، نە ئامانجی ئەمریکا و ئیسرائیل کە هەوڵی بەچۆکداهێنان و کۆنترۆڵکردنی کۆماری ئیسلامی دەدەن، پەیوەندی بە ڕزگاری خەڵکی ستەملێکراو و چەوساوەی ئێرانەوە هەیە. لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان بەردەوام لەژێر هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکیدایە

ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ڕایانگەیاند کە نایانەوێت بەشێک بن لەم شەڕە و بێلایەنی خۆیان ڕاگەیاندووە. بەڵام بەم حاڵەشەوە ڕۆژ نییە بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرش نەکرێتەسەر شارە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان. پاساوی ئەم هێرشانە بوونی بنکە ئەمریکییەکانە لە ناوچەکەدا.

بەڵام بۆنموونە چۆن هێرشی مووشەکی ورد بۆ سەر هۆڵی کۆبوونەوەی گشتی "سەعد عەبدوڵڵا" لە شاری هەولێر پاساو دەکرێت؟ لە شاری سلێمانیش خانووی نیشتەجێبوون کراونەتە ئامانج.

ڕاستە بەشێک لە مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بە بەرگری ئاسمانی خراونەتە خوارەوە، بەڵام خودی سروشتی ئەو هێرشانە و تەقینەوەکان و دروستکردنی ئەو کەشە نائەمنە، ئارامی خەڵکی تێکداوە و گەورەترین فشار دەکەوێتە سەر منداڵان و بەساڵاچووان و هاووڵاتیان بە گشتی.

ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان هەروەها بە ڕوونی ڕایانگەیاندووە کە بڕیار نییە هیچ هێرشێکی سەربازی لەم ناوچەیەوە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام بدرێت

سەرەڕای ئەوەش، لە ماوەی ١٣ ڕۆژی ڕابردوودا، ئەو کەمپانەی کە خێزانە کوردەکانی تێدا نیشتەجێن، چەندین جار بە هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کراونەتە ئامانج و ژمارەیەکیش کوژراون یان بریندار بوون. ئەمە هێرشێکی ئاشکرایە بۆ سەر ژیان و ئاسایشی ئەو خەڵکەی کە خۆیان بوونەتە قوربانیی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و پەنایان هێناوەتەبەر ئەم ناوچەیە. ئێمە ئەم هێرشانە بە توندترین شێوە ئیدانە دەکەین، چ ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام بدرێت یان لەلایەن هێزە بە وەکالەتەکانی وەک گرووپەکانی حەشدی شەعبی

هێرشکردنە سەر شارەکان و ماڵ و حاڵی خەڵک و ناوەندە گشتییەکان و کەمپەکانی پەنابەران، تاوانێکی ڕوونە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێت.

ئێمە هاوکات ڕایدەگەیەنین کە هەرێمی کوردستان بە پشتی جێبهەی خەباتی چەکداریمان نازانین. ئێمە خۆمان لە ئاست ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانین. ئەو خەڵکەی کە هەمیشە بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازییان لێکردووین، نابێت باجی شەڕێک بدەن کە هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە. دەبێت دەستبەجێ هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕابگیرێت و ئاسایشی خەڵکی ئەم هەرێمە گەرەنتی بکرێت. نابێ لەوە زیاتر لە شەڕ و ململانێی نێوان زلهێزەکاندا کایە بە گیان و ژیانی خەڵکی بێ دیفاع بکرێت.

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٢٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤**

****




# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئیدانەکردنی هەڕەشەکانی ڕەزا پەهلەوی لەدژی مافی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران

ڕۆژی چوارشەممە شەشی ڕەشەممە، ڕەزا پەهلەوی لە ڕێگەی پەیامێکەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی "ئێکس"، بە بەکارهێنانی ئەدەبیاتێکی هەڕەشەئامێز باسی لە «یەکپارچەیی خاکی ئێران» کرد. ناوبراو حیزبە کوردییەکان و لایەنەکانی دیکەی خوازیاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە «جوداییخواز» ناوبرد و داوای لە ئەرتەش کرد کە «ئەرکی نەتەوەیی-نیشتمانیی خۆی» لە بەرامبەریاندا جێبەجێ بکات. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم هەڵوێستە بە توندی ئیدانە دەکات و بە پێویستی دەزانێت لەمبارەیەوە چەند خاڵێک بە ڕاشکاوی بخاتە بەردەم ڕای گشتی

یەکەم: ڕەزا پەهلەوی کە لە وەهمی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا دەسووتێت، بەم لێدوانانە لە ئێستاوە بیر لە ڕۆڵگێڕان و لاساییکردنەوەی پێشینانی خۆی دەکاتەوە. ڕەزاشای باپیری، بە پشت بەستن بە زەبروزەنگ و سیاسەتی یەکدەستکردنی زۆرەملێ، ناسنامەی کولتووری، زمانی و سیاسیی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێرانی بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوت کرد. محەممەد ڕەزاشای باوکیشی، بە هێزی سەربازی و دەزگای هەواڵگریی "ساواک"، هەموو دەنگێکی یەکسانیخوازیی لە نێوان نەتەوەکانی کورد، ئازەری، عەرەب، بەلووچ و تورکماندا لە ناو خوێندا خامۆش کرد. هەڕەشەی ئەمڕۆی ڕەزا پەهلەوی هەڵوێستێکی نوێ نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی هەمان ئەو سیاسەتە توندوتیژانەیە کە باوک و باپیری لە کرداردا بەڕێوەیان بردووە

دووەم: ڕەزا پەهلەوی لە ئێستادا خاوەنی هیچ جێگە و پێگەیەکی سیاسی ڕاستەقینە و پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی جەماوەریی نییە. ئەوەی ئەو لە ناو میدیاکاندا دەهێڵێتەوە، بریتییە لەو وەبەرهێنانە زۆر و زەوەندە لە بواری تەبلیغاتی میدیایی و هەروەها ئەو سەروەت و سامانەی کە لە ماوەی دەیان ساڵدا لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران چووەتە گیرفانی ئەم بنەماڵەیەوە. سەرەڕای ئەوە، تەنانەت ئەم ڕادەیە لە بێدەسەڵاتیش نەبووەتە هۆی ئەوەی کە واز لە هەڕەشە و گوڕەشە بهێنێت. دەبێ لە خۆی بپرسێت: ئەگەر سبەی ڕۆژ بگاتە دەسەڵات، دەیەوێت چی بکات؟ کەسێکی کە ئەمڕۆ بەبێ هەبوونی هیچ ئامرازێکی دەسەڵات، داوا لە ئەرتەش دەکات حیزبە سیاسییەکان سەرکوت بکات، بێگومان لە ئەگەری گەیشتن بە دەسەڵات، لەم بوارەدا لە باوک و باپیری سەرکوتگەرتر دەبێت

سێیەم: مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان ئەسڵێکی بنەڕەتیی مافە نێودەوڵەتییەکانە کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا دانی پێدا نراوە. ئەم مافە، بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک، بەواتای ئازادیی نەتەوەکانە لە هەڵبژاردنی داوارۆژی سیاسیی خۆیان، لەوانە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. دەستەواژەکانی وەک «یەکپارچەیی خاک» و «جوداییخوازی» بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو لە ئێران، نەک وەک چەمکێکی حقوقی، بەڵکوو وەک چەکێکی ئایدۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی باڵادەست بەمەبەستی سەرکوتی هەر جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە و مافخوازانە بەکار هێنراون. لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەوترێت «یەکپارچەیی خاک»، هیچ شتێک نییە جگە لە بەردەوامیی زاڵبوونی هەژموونی نەتەوەی باڵادەست بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا. حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم ئامرازەی سەرکوت بە هەر شێوەیەک بەکار بهێنرێت، ڕەت دەکاتەوە

چوارەم: «جوداییخوازی» تاوان نییە. لە هەمان ئەو دیموکراسییە ڕۆژئاواییانەی کە ڕەزا پەهلەوی تێیاندا گەورە بووە و سوود لە پاڵپشتییان وەردەگرێت، حیزبە سەربەخۆییخوازەکان بە شێوەیەکی یاسایی چالاکی دەکەن. حیزبی سەربەخۆییخوازی سکاتلەند لە پارلمانی بریتانیا نوێنەری هەیە؛ بزووتنەوەی سەربەخۆیی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا، سەرەڕای گوشارەکانی دەوڵەتی ناوەندی، بەردەوامە لە چالاکیی یاسایی خۆی. لە بلژیک و کانەداش حزبگەلێک هەن کە بە داخوازییەکی هاوشێوەوە بە ئازادی کار دەکەن. داواکردن لە ئەرتەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئەو حیزبە سیاسییانەی کە لەپێناو مافی نەتەوەیی دا خەبات دەکەن، نەک هەر لەگەڵ پێوەرەکانی ئەو دیموکراسییەی ڕەزا پەهلەوی بانگەشەی بۆ دەکات ناتەبایە، بەڵکوو هاندانە بۆ تاوان دژی مرۆڤایەتی

پێنجەم: حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە، هەڵوێستی خۆیان لەمبارەیەوە بە ڕوونی لە بەرنامەی «دەسەڵاتی جەماوەری»دا ڕاگەیاندووە: «ئێمە دان بە مافی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێراندا دەنێین لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، واتە ئازادییان تا ئاستی جیابوونەوەی تەواو. لە هەمان کاتدا، خوازیاری یەکگرتنی ئازادانە و دڵخوازانەی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی جوگرافیای ئێرانن و پێمان وایە کە یەکگرتوویەکی لەو شێوەیە لە بەرژەوەندیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدایە.» ئەم هەڵوێستە لەسەر بنەمای باوەڕێکی قووڵ بە دروشمی ئازادی و یەکسانیی ڕاستەقینەیە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین تەنها یەکگرتوویەک جێگیر و بەردەوام دەبێت کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد بێت، نەک بە زۆرەملێ و زەبری چەک. ئێرانی سبەی ڕۆژ دەبێ ماڵێکی ئازاد و یەکسان بێت بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی کە تێیدا دەژین، نەک میراتێکی خوێناوی کە پەهلەوییەکان بە سەرکوت و ئاگر دروستیان کرد و حکوومەتی ئیسلامیش درێژەی پێدا

**بژی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان**
**بژی هاوپشتیی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران**
**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**حەوتی ڕەشەممەی ١۴٠۴**

****




بەپێی ڕاگەیەندراوی شۆڕای باڵای ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامی، مەرگی عەلی خامنەیی لە ئەنجامی بۆردومانەکانی دوێنێدا پشتڕاست کراوەتەوە. بێجگە لە وردەکاریی ڕووداوەکە، ئەم پێشهاتە خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. ئەم ڕووداوە کۆتایی ژیانی کەسێکە کە چەندین دەیە لە لوتکەی دەسەڵاتدا مایەوە و ئاراستەی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و کولتووریی وڵاتی بە بڕیار و فەرمانەکانی خۆی دارشت. خامنەیی سەردەستەی دام و دەزگایەک بوو کە لەسەر بنەمای سەرکوت، هەڵاواردن، تاڵان و بڕۆی ڕێکخراو و سوکایەتیکردن بە مرۆڤ بونیاد نرابوو. لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەودا، دەیان هەزار مرۆڤ بە ناهەق کوژران، خرانە بەندیخانە، ئەشکەنجە دران و ژیانیان وێران کرا. سەروەتی ئەم وڵاتە، ئەو سەروەتەی کە دەبوو بۆ خۆشگوزەرانیی گشتی، پەروەردە، تەندروستی و داهاتووی نەوەکان خەرج بکرایە، لەژێر سێبەری ئەو سیاسەتانەی کە ناوبراو داڕێژەر و پشتیوانی سەرەکییان بوو، کرا بە قوربانی پرۆژە ئەمنییەتی و سەرکێشییە ناوچەییەکان، یان لە گیرفانی تۆڕەکانی ڕانت و گەندەڵی و دزیدا کۆکرایەوە. کۆمەڵگەیەک کە لەسەر دەریایەک لە سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان دانیشتووە، لەبری خۆشگوزەرانی و کەرامەت، بەرەو هەژاری و دڵەڕاوکێ و بێئاسۆیی پاڵ پێوەنرا

کرێکارانی چەوساوە کە بەرهەمی ڕەنج و کارەکەیان بەهۆی سیاسەتە ئابووری و ئەمنییەکانی ژێر چاودێری خامنەییەوە پێشێل کرا، لە نانی شەو بێبەش کران، کارگەکان داخران، حەقدەستەکان دواکەوتن، گرێبەستی سپی و بێمافیی بوو بە باو و هەر دەنگێکی مافخوازانە بە هەڕەشە و زیندان وەڵام درایەوە. ژنانێکی بێشمار بەهۆی پێداگریی ئەو لەسەر یاسا کۆنەپەرستانەکانی شەریعەت، سوکایەتییان پێکرا، شەلاقانیان لێدرا، خرانە زیندان و ئەشکەنجە دران، لە مافی پۆشینی جلوبەرگی دڵخواز، مافی هەڵبژاردن، مافی حزووری یەکسان لەناو کۆمەڵگە و تەنانەت مافی بە شادی ژیانیش بێبەش کران. باوکان و دایکانی داغدار، کە پەژارەی ڕۆڵەکانیان لە شەقام و زیندانەکاندا، لەسەر دڵیان مایەوە، شاهیدی ئەوە بوون کە چۆن حکومەت نەک هەر وەڵامدەر نەبوو، بەڵکوو ڕاستییەکانی شاردەوە و گاڵتەی بە دادپەروەری کرد. کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراو کە لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانی خۆیان بێبەش کران، لە مافی ڕێکخراو و مانگرتنەوە بگرە تا مافی ڕادەربڕین و مافی ژیانێکی بەبێ ترس، خامنەییان بە هێمای بەردەوامیی ستەمکاری و سەرەڕۆیی و تاوان و کۆنەپەرستی دەزانی. هەر بۆیە دەتوانرێت بوترێت بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگە بە بیستنی هەواڵی مەرگی ناوبراو، هەست بە شادی و ئارامی دەکات. بەڵام مەرگی خامنەیی کۆتایی کار نییە. ئەو لە لوتکەی هەرەمێکدا بوو کە لە تاوانباران و بکوژان، ڕانتخۆران و دز و تاڵانچییان، گەندەڵکاران و تۆڕەکانی سەرکوت پێکهاتووە، هەرەمێک کە هێشتا زۆرێک لە لیڤەرەکانی دەسەڵاتی لە دەستدایە، لە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانەوە بگرە تا دامەزراوە ئابووری، ڕاگەیاندن و دادوەرییەکان. ئەگەر سەری ئەو هەرەمەس کەوتبێت، بە جەستە هێشتا هەر زیندووە و هەوڵ دەدات بە گۆڕینی مۆرەکان، هەمان سیستەم بپارێزێت. سیستەمێکی کە مانەوەی بەندە بە بەردەوامیی سەرکوت و تاڵان و بڕۆ و بێبەشکردن

کۆمەڵگەی ئێران بۆ ڕزگاربوونی یەکجاری لەم ڕژێمە و هەموو تاقم و دەستەوپێوەندەکانی، هێشتا چەند قۆناغێکی لە پێشە. ڕێگەیەکی کە دەبێت بە ئاگاهی و وشیارییەوە ببڕدرێت، تاوەکو ئیمکانی پاککردنەوەی کۆمەڵگە لە هەموو پاشماوەکانی ئەم ڕژێمە و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی لەسەر کولتوور و ڕۆح و ڕەوانی گشتیی کۆمەڵگە برەخسێت. ئەو دام و دەزگا دەوڵەتییەی کە ئاراستەکەی لەدەستی خامنەیی دا بوو، بە ڕۆیشتنی کەسێک لە کار ناکەوێت. دەبێت ئەم دام و دەزگایە بە هێزی ئاگاهی، ڕێکخراوەیی و خەباتی کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخواز و ستەملێکراو تێکبشکێنرێ و لەسەر وێرانەکانی، کۆمەڵگەیەکی ئازاد، یەکسان و لێوانلێو لە خۆشگوزەرانی بونیاد بنرێت. کۆمەڵگەیەک کە تێیدا کەرامەتی مرۆڤ بنەمایە، سەروەتی گشتی بۆ ڕەفاهی هەمووان خەرج دەکرێت، ژنان ئازاد و یەکسانن، کرێکاران خاوەن ماف و دەسەڵاتن و هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی ئیرادەی جەماوەرەوە نییە

مەرگی خامنەیی کۆتایی سەردەمێکە، بەڵام کۆتایی ڕژێمێک تەنها کاتێک ڕوودەدات کە جەماوەری ڕێکخراو و وشیار، چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و ڕیشەی ستەمکاریی لەم خاکەدا بنەبڕ بکەن

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١٠ی ڕەشەمێی ١٤٠٤**

****

# هەڵسەنگاندنی شەڕ و ئاسۆکانی لە شانزەهەمین ڕۆژدا



شانزە ڕۆژ بەسەر شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا تێدەپەڕێت. لەم ماوەیەدا، ڕاستییەک تادێت ڕوونتر دەبێتەوە، ئەم شەڕە نە کورتماوە بووە، نە کۆنترۆڵکراو و نە تەنها لە سنووری ئامانجە سەربازییەکانیشدا ماوەتەوە. ئەوەی لە کرداردا دەبینرێت، شەڕێکە کە هەم زەبری لە پێکهاتەی سەربازی و سیاسیی کۆماری ئیسلامی داوە و هەم ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی وێران کردووە لە ڕۆژی یەکەمدا وترا کە ئامانجەکە بریتییە لە ناوەندە سەربازی، مووشەکی و فەرماندەییەکان. بەڵام لە شەڕدا، مەودای نێوان "ئامانجی سەربازی" و "دەرهاویشتەی مرۆیی"، زۆر زوو لەناو دەچێت. کاتێک کۆگاکانی نەوت دەسوتێن، دووکەڵەکە تەنها ناچێتە ناو سەربازگەکان، بەڵکوو دەچێتە ناو سییەکانی خەڵکەوە. کاتێک ژێرخانەکان زیانیان بەردەکەوێت، فشارەکە تەنها لەسەر دەوڵەت نییە، بەڵکوو نەخۆشخانە، دەرمانخانە، ئەمبولانس و گیانی نەخۆشەکانیش دەکەونە ژێر فشارەوە تاران پێش شەڕیش هەوایەکی تەندروستی نەبوو، بەڵام ئێستا ئەو دۆخە خراپتریش بووە. دووکەڵی ئاگرکەوتنەوەکان و سووتانی کۆگاکانی نەوت، هەناسەدانی قورستر کردووە. بارانی ڕەش و ئەو گردیلانەی بەهۆی سووتانی ماددە نەوتییەکانەوە دروست دەبن، نیگەرانیی خەڵکیان زیاتر کردووە. ئەمە بەشێکە لە ڕاستی ژیانی ئەو هاوڵاتییانەی کە هەموو ڕۆژێک لەناو ئەم هەوایەدا هاتووچۆ دەکەن، کار دەکەن و منداڵ و بەساڵاچووەکانیان دەگەیەننە نەخۆشخانە فشار لەسەر نەخۆشخانەکانیش جدییە. کەمبوونی هەندێک لە پێداویستییەکان، تێکچوونی زنجیرەی دابینکردن، نیگەرانی لە نەبوونی کارەبا و دژواربوونی گواستنەوەی بریندار و نەخۆشەکان، گیانی زۆر کەسی خستووەتە مەترسییەوە. ئەو نەخۆشەی کە پێویستی بە دیالیزە، ئەو منداڵەی پێویستی بە دەرمانی تایبەتە، یان ئەو بەساڵاچووەی کە بەهۆی هەوای پیسی شارەکە کێشەی هەناسەدانی هەیە، هەموویان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم قەیرانەدان. هەر بۆیە، بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بوترێت ئەم شەڕە تەنها سەربازییە، بەڵکوو خەڵکیش بوونەتە ئامانجی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخی شەڕەکە شەڕەکان بەزۆری بە تێڕوانینێکی سادە دەست پێدەکەن، بەو خەیاڵەی کە هێرشێکی خێرا دەکرێت، زەبرێکی توند دەوەشێنرێت و هەموو شتێک لە ماوەیەکی کورتدا کۆنترۆڵ دەکرێت. بەڵام ئەزموونەکان چەندین جار سەلماندوویانە کە شەڕ بەو سادەییە ناچێتە پێشەوە. کاتێک ئاگری شەڕ دادەگیرسێت، فشارە سیاسییەکان بەرز دەبنەوە، لایەنی بەرامبەر خۆی لەگەڵ دۆخە نوێیەکە دەگونجێنێت و شەڕ دەکەوێتە ڕێڕەوێکەوە کە کۆنترۆڵکردنی گەلێک قورسترە لەوەی لە سەرەتادا بیری لێدەکرێتەوە لەم شەڕەشدا هەر وای لێهات. هێرشە سەرەتاییەکەی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕووی سەربازییەوە زەبرێکی قورس بوو. هەندێک دامەزراوەی گرنگ کرانە ئامانج. ڕێبەر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵا و کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕژێم کوژران. لە ڕوانگەی ئۆپەراسیۆنەوە، دەکرێت ئەم هێرشانە بە سەرکەوتوو دابنرێن، بەڵام ئەو ئەنجامە سیاسییەی کە بە ڕواڵەت چاوەڕوان دەکرا، بەدەست نەهات. حکومەتی ئێران نە بە خێرایی ڕووخا و نە تەسلیم بوو. پێکهاتەی سەرکوتگەر، دەزگای ئەمنی و بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات هەروا بەسەر پێوە ماونەتەوە لێرەدا یەکێک لە مەترسیدارترین نموونەکانی شەڕ خۆی نیشان دەدات. کاتێک سەرکەوتنی سەربازی ئەنجامی سیاسیی لێ ناکەوێتەوە، کەڵکەڵەی چڕترکردنەوەی شەڕ زیاتر دەبێت. لایەنی هێرشبەر وا دەزانێت ئەگەر چەند گورزێکی دیکە بوەشێنێت، ئەگەر چەند ڕۆژێکی تریش بۆردومان بکات و ئەگەر لیستی ئامانجەکان فراوانتر بکات، ئەنجامی کۆتایی بەدەست دێت. بەڵام هەر ئەم لۆژیکە، شەڕ لە ئۆپەراسیۆنێکی سنووردارەوە دەگۆڕێت بۆ قەیرانێکی فرەڕەهەند و درێژماوە لە لایەکی ترەوە، کۆماری ئیسلامیش چونکە خۆی لە ڕووی سەربازییەوە بە لاوازتر دەبینێت، مەودای شەڕەکەی گواستۆتەوە بۆ کایەکانی تر. ئەمەش شێوازێکی ناسراوە، کاتێک حکومەتێک نەتوانێت لە مەیدانی سەرەکیی شەڕدا دەستی باڵا پەیدا بکات، هەوڵ دەدات تێچووی شەڕەکە لە شوێنەکانی تر بەرز بکاتەوە. هێرش بۆ سەر کەشتییەکان لە گەرووی هورمز و بە ئامانجگرتنی ژێرخانەکانی وزە لە وڵاتانی ناوچەکە لەم چوارچێوەیەدا شیاوی تێگەیشتنە ئەنجامی ئەم هەوڵانە ڕوونە، هاتووچۆی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان کەم دەبێتەوە، کۆمپانیاکانی بیمە دەکشێنەوە یان نرخەکان بەرز دەکەنەوە، نرخی نەوت زیاد دەکات و فشاری ئابووری لەسەر وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا زیاتر دەبێت. بەم شێوەیە، کۆماری ئیسلامی ئەگەر نەتوانێت لایەنی بەرامبەر لە مەیدانی سەربازیدا شکست پێبهێنێت، بەڵام دەتوانێت تێچووی شەڕەکە بۆ هاوپەیمانەکانی بەرز بکاتەوە و درز بخاتە نێوانیانەوە. ئەمە هەمان ئەو ڕێگەیەیە کە حکومەتە لاوازەکان بۆ ماندووکردنی هاوپەیمانییە بەهێزەکان بەکاری دەهێنن لەم نێوەندەدا، تێڕوانینێکی کۆنیش دووبارە تاقی دەکرێتەوە، ئەو تێڕوانینەی کە پێی وایە هێرشی ئاسمانی بە تەنها دەتوانێت حکومەتێک بڕوخێنێت. بەڵام ئەزموونی مێژوویی شتێکی ترمان پێدەڵێت. بۆردومان دەتوانێت دامەزراوەکان وێران بکات، دەتوانێت فەرماندەکان بکوژێت، دەتوانێت تۆڕەکان پەک بخات، بەڵام بە تەنها نابێتە هۆی ڕووخانی حکومەتەکان خەڵکی ئێران ساڵانێکە لە کۆماری ئیسلامی تووڕەن و لە گەندەڵی، سەرکوت، فشاری سیاسی، هەڵاواردن و قەیرانی ئابووری بێزار بوون. کەس ناتوانێت ئەم ڕاستییە ئینکار بکات. بەڵام دۆخی شەڕ، ڕەفتاری کۆمەڵگە ئاڵۆز دەکات. لەژێر فشاری مووشەک، دەنگی تەقینەوە، ترس، ئاوارەیی و نائەمنیدا، خەڵک نارژێنە سەر شەقامەکان. لە دۆخی شەڕدا، ئەولەوییەتی زۆرێک لە بنەماڵەکان بریتی دەبێت لە زیندوو مانەوە، نەک چوونە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەربڵاوی سەر شەقام. تەنانەت ڕەنگە بەشێک لە خەڵک، سەرەڕای ناڕەزایەتی بێ ئەوپەڕیان، لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا پشتی حکومەت بگرن. ئەڵبەتە نەک لەبەر پشتگیرییەکی ڕاستەقینە، بەڵکوو لەبەر ترس لە دارمان، داگیرکاری و پشێوی و هیتر.. لە لایەکی ترەوە، سڕینەوەی ڕێبەرانیش هەمیشە ئەو ئەنجامە نادات کە داڕێژەرانی شەڕ دەیانەوێت. ئەگەر کەسایەتییەکی گرنگ بکوژرێت، ئەگەری هەیە جێگرەکەی لەخۆی توندڕەوتر بێت. لەوانەیە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی، پێویستی بە شەڕێکی توندتر هەبێت و لەوانەیە بۆ نیشاندانی هێز، گرژییەکان زیاتر بکات. لە ئەنجامدا، تیرۆر و لابردنی بەرپرسانی حکومەت مەرج نییە ببێتە هۆی نەرمتربوونی ڕەفتاری ڕژێم. هەندێک جار بە پێچەوانەوە، کەسانێک دەبنە جێگرەوەیان کە زۆر توندتر و سەرکێشترن لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، نابێت خاڵێکی سەرەکی لەبیر بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییدا نە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان دیاری دەکەن و نە موشەکەکان. بەڵکوو دیاریکەری سەرەکی، بریتین لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران. ئەم حکومەتە ئەگەر ئەمڕۆ لەژێر ئاگری دەرەکیدا خۆی دەرباز بکات، بە واتای کۆتایی هاتنی قەیرانەکانی نابێت. بەپێچەوانەوە، دوای هێوربوونەوەی ئاگری موشەکەکان و دەنگی فڕۆکەکان، پرۆسەیەک لەناو کۆمەڵگەی ئێراندا دەست پێدەکاتەوە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک ناڕەزایەتی، خەبات و باجدانی جەماوەر ئەو خەڵکەی کە لەم ساڵانەدا ئازیزانیان لەدەستداوە، چوونەتە زیندان، ستەم و هەژاری و هەڵاواردنیان چەشتووە، بە کۆتایی هاتنی شەڕ ون نابن. داواکارییەکانیشیان لەناو ناچێت. ئەگەر ئەمڕۆ کەشی شەڕ بواری هەر جموجۆڵێکی بەرتەسک کردووەتەوە، سبەی ڕۆژ دامرکانەوەی ئاگری ئەو شەڕە، ئەم کۆمەڵگەیە سەرلەنوێ لە بوارە جیاوازەکاندا لەپێناو ویست و داواکارییەکانیاندا دێنەوە مەیدان. خەباتی کۆمەڵایەتی شێوازی جۆراوجۆری هەیە. لە ناڕەزایەتی مەدەنییەوە بگرە تا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، لە فشارە پیشەییەکانەوە تا خواستی ئازادییە سیاسییەکان. لە پرۆسەیەکی وەهادا، خەڵک دەرفەتی ئەوەیان دەبێت کە ئەڵتەرناتیڤی شیاوی خۆیان پێک بهێنن. ئاڵترناتیڤێکی کە لە هەناوی ئەزموون و ئازار و خۆڕاگریی خۆیانەوە سەرهەڵدەدات، نەک لە بۆردومان و دەستێوەردانی دەرەکییەوە

****

# سەڵتەنەتخوازان لە مەیدانی بەرەنگاریی چینایەتی و ترس لە سێبەری چەپ




لە هەفتەکانی ڕابردوودا، هێزە سەڵتەنەتخوازەکان سەرکەوتوو بوون لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی تا ڕادەیەک پڕژمارە لە شارەکانی وەک میونخی ئاڵمان، تۆرۆنتۆی کەنەدا و چەند ناوەندێکی دیکە. ئەم ڕووداوانە لە کەشوهەوای سیاسیی ئێستای ئێراندا سەرنجێکی زۆریان بۆلای خۆیان ڕاکێشا. بەڵام، خودی توانای کۆکردنەوەی ئەم جۆرە گردبوونەوانە نە دیاردەیەکی چاوەڕواننەکراوە و نە نیشانەی باڵادەستیی (هەژموونی) سیاسییانە بەسەر داهاتووی ئێراندا. ئەوەی دەیبینین پێش هەر شتێک ڕەنگدانەوەی کرانەوەی «دۆسیەی دەسەڵاتی سیاسی»یە لە ئێران و دەستپێکی شکڵگرتنی ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانە بۆ ڕۆژی دوای کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگەی ئێران لە دۆخێکدایە کە قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆماری ئیسلامی چووەتە قۆناغێکی چۆنایەتییەوە. لە ئاوا ساتە ساتەوەختێکدا، هێزە کۆمەڵایەتییەکان چیتر تەنیا تەماشاکار نین، ئەوان هەوڵ دەدەن پێگەی خۆیان لە نەزمی داهاتوودا پێناسە بکەن. هەر کاتێک پرسی دەسەڵاتی سیاسی ببێتە بابەتێکی ڕاستەقینە، بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لە ئاستی نائاگایی کۆمەڵایەتییەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ئاستی هەڵبژاردنی سیاسیی ئاگایانە لەبەر ئەوە، کۆبوونەوەکانی سەڵتەنەتخوازان نابێ تەنیا وەک چالاکییەکی پڕوپاگەندەیی ببینرێن، بەڵکوو وەک نیشانەیەک بۆ دەستپێکی ململانێی هێزە چینایەتییەکان لەسەر داهاتووی ئێران تێبگەین. کۆمەڵگەی ئێران، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، کۆمەڵگەیەکی یەکدەست نییە. کرێکارانی پیشەسازی و کشتوکاڵی، مامۆستایان، پەرستاران، مووچەخۆرانی شار، بێکاران، چینی مامناوەندی شار، وردەبۆرژوازی بازرگانی، سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت و لە سەرووی هەمووشیانەوە، بۆرژوازیی ڕانتخۆری گرێدراوی دەوڵەت، هەر کامەیان ئاسۆیەکی جیاوازیان بۆ داهاتوو هەیە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیکەی پێنج دەیە حوکمڕانیدا، بە تێکەڵەیەک لە سەرکوتی سیاسی، جیاکاریی سیستماتیک و جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵییەکان، درزە کۆمەڵایەتییەکانی قووڵتر کردووەتەوە. تایبەتکردنی (خوسوسی سازی) ڕانتخۆرانە، لەناوبردنی ئەمنییەتی پیشەیی، دارمانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەشەنەسەندنی هەژاری، توێژە بەرفراوانەکانی کۆمەڵگەی خستووەتە دۆخی نارەزایەتییەکی بەردەوامەوە ئەم دۆخە، هێزە دژبەیەکەکانی دژی کۆماری ئیسلامی کۆکردووەتەوە؛ لە بزووتنەوە کرێکارییە عەداڵەتخوازەکانەوە تا هێزە بۆرژوازییەکانی لایەنگری نەزمی بازاڕی ئازادی جیهانی، لە ڕەوت و باڵی جیاوازدا ڕیزیان بەستووە. لەم نێوەندەدا سەڵتەنەتخوازان نوێنەرایەتی بەشێک لەو چینە دەکەن کە خوازیاری گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسین بەبێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پەیوەندییە ئابوورییەکاندا. جموجۆڵی سەڵتەنەتخوازان دەربڕینی سیاسیی بەشێک لەم ڕیزبەندییە چینایەتییەیە؛ بەو مانایەی کە بەشێک لە بۆرژوازیی داهاتووی ئێران لە هەوڵی بنیاتنانەوەی نەزمی سەرمایەداریدایە بە شێوازێکی جیاواز لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێستا یەکێک لە دیارترین تا یبە تمە ند یيە کا نی کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی سەڵتەنەتخوازان لە دەرەوەی وڵات، بریتی بووە لە شەپۆلێکی بەرفراوانی دروشم و ڕەفتاری دژە-چەپ. ئەم دیاردەیە ناکرێ تەنیا بۆ کلتووری سیاسی یان پەرچەکردارە سۆزدارییەکان کەم بکرێتەوە. ئەوەی لەم ڕەفتارانەدا دەبینرێت، جۆرێکە لە «هیستریای سیاسی» کە ڕەگێکی قووڵتری هەیە. چەپ لە ئێرانی ئەمڕۆدا ڕەنگە خاوەن ڕێکخستنێکی ناوەندیی یەکگرتوو یان حیزبێکی سەرتاسەریی بەهێز نەبێت، بەڵام هێشتا وەک «سێبەرێکی سیاسی» لە مەیدانەکەدا ئامادەیە؛ سێبەرێکی کە گەلێک پرسیاری مەترسیدار بەرەوڕووی نەزمی سەرمایەداری دەکاتەوە. پرسیارگەلێکی وەک: سامان چۆن دابەش بکرێت؟ دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی کێدا بێت؟ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی چ واتایەکی هەیە؟ ئەگەر سەڵتەنەتخوازان بە ڕاستی باوەڕیان وایە کە چەپ چیتر هێزێکی کاریگەر نییە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا، ئەی ئەم هەموو چڕکردنەوە پڕوپاگەندەیی و دەروونییە لە دژی، چۆن لێکدەدرێتەوە؟ دوژمنە چینایەتییەکان زۆربەی کات باشتر لە هەر کەسێکی تر هێزی شاراوەی ڕکابەرەکەیان دەناسن. هیستریای دژە-چەپ لە ڕاستیدا دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆیە بە زیندوویی بەرنامە، ستراتیژ و سیاسەتی سۆسیالیستی کە چەپ نوێنەرایەتی دەکات. زمانی چەپ هێشتا لەناو کۆمەڵگەدا زیندووە؛ سەرەڕای سەرکوتی توند، شکستە مێژووییەکان و پرشوبڵاویی ڕێکخراوەیی، زمانی چەپ لە کۆمەڵگەی ئێران نەسڕاوەتەوە. چەمکگەلێکی وەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی، مافی کار، خوێندن و چارەسەری پزیشکیی

درێژە لە لاپەڕەی ١٦

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧١ -ڕەشەممەی ١٤٠٤ی - مارسی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ١٥

بێبەرامبەر، بەرەنگاربوونەوەی تایبەتکردنی هەوسارپچڕاوانە و ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداریی ڕانتخۆر، هێشتا لە ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێوان بەشێکی بەرینی کۆمەڵگەدا ئامادەیی هەیە. ئەم ئامادەییە مەرج نییە بە واتای هێزێکی ڕێکخراوەیی کردەیی بێت، بەڵکوو باس لە هێزێکی گوتاریی (دیسکۆرسیڤ) دەکات. تەنانەت بێ پێکهاتە کلاسیکییەکانی حیزبیش، ڕەوتی سۆسیالیستی لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی خۆیدا دەتوانێت کارنامەی سیاسیی داهاتوو دابڕێژێت. سەڵتەنەتخوازان و پرۆژە بۆرژوازییەکانی تر ڕێک لەم توانایە دەترسن. واهیمەی ئەوان لە ئەگەری ئەوەی کە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ببێتە تەوەری سیاسەت لە ئێراندا، تەواو شیاوی تێگەیشتنە. هیستریای دژە-چەپ، لە ڕاستیدا کاردانەوەیەک نییە بەرامبەر بە هێزی ئێستای چەپ، بەڵکوو پەرچەکردارێکی پێشوەختەیە لە بەرامبەر توانا و پۆتانسێلی شاراوەی ئەو واقعییەت ئەوەیە کە سەڵتەنەتخوازان هیچ پرۆژەیەکی ڕوونیان نییە بۆ وەڵامدانەوەی هەژاریی گشتی و نایەکسانیی ئابووری. ئەوەی لە باشترین دۆخدا لە ئاسۆ ئابوورییەکەی ئەواندا بەدیدە کرێت، کۆپیکردنی نسخە نیولیبرالییەکانە: سپاردنی هەموو شتێک بە لۆژیکی بازاڕ، کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بچووککردنەوەی دەوڵەت، ڕاکێشانی سەرمایە بە هەر نرخێک. بەڵام قەیرانی ئێران تەنیا قەیرانی شێوازی حکومەت نییە؛ قەیرانی دابەشکردنی سامان و دەسەڵاتی ئابوورییە. بێ گومان کۆمەڵگەیەک کە ملیۆنان کەس تێیدا لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بە گۆڕینی هێما سیاسییەکان بەبێ گۆڕینی پێکهاتەی ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، ناگاتە سەقامگیری. سەڵتەنەتخوازان لە بواری دیموکراسیشدا هەر لە ئێستاوە پێیەکیان لەنگە: حەزکردن بە سڕینەوەی ڕکابەر، هەوڵدان بۆ یەکدەستکردنی مەیدانی سیاسی، دژایەتیی هیستریانە لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران، نیشانەی ئەوەیە کە پرۆژەکەیان لەگەڵ فرەیی سیاسی (پلۆرالیزم)، دیموکراسیی ڕاستەقینە و مافی ڕێکخراوەیی کرێکاران ناگونجێت. دیموکراسی ناکرێ تەنیا بە دروشم بخوازرێت و لە هەمان کاتدا بە هەڕەشە و بوختان لە سەرەتاوە بخنکێنرێت چەپ هێزێکی بێ ناوەند بەڵام زیندووە، ئەمە تایبەتمەندییەکی گرنگی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێرانە. هێزی چەپی کۆمەڵایەتی لە دەرەوە پەرتەوازە دەردەکەوێت، بەڵام توانایەکی بەرزی هەیە بۆ بەرهەمهێنانەوەی گوتار و شکڵ پێدان بە داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان. چەپی ئەمڕۆ دەتوانێت تەنانەت بەبێ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی فەرمی، کارنامەی داهاتوو بگۆڕێت. بەسە کە پرسیارە بنەڕەتییەکان بە زیندوویی بهێڵێتەوە: کێ بەرهەم دەهێنێت؟ کێ بڕیار دەدات؟ کێ سوودمەند دەبێت؟ هیستریای سەڵتەنەتخوازان دژی چەپ، لە لایەکەوە زیاتر لەوەی نیشانەی هێزی خۆیان بێت، نیشانەی ترسە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرسیارانە؛ لە لایەکی ترەوە بە پێچەوانەی ڕواڵەتەکەی، نیشانەی لاوازیی چەپ نییە، بەڵکوو نیشانەی ئەوەیە کە تەنانەت لە نەبوونی ڕێکخراوێکی یەکگرتووشدا، ئامانجە سۆسیالیستییەکان لە مەیدانیان چۆڵ نەکردووە. ئەو سێبەرەی کە گەلێک جار ڕاگەیانگەیاندووە کە «ڕەویوەتەوە»، هێشتا هەر باڵی بەسەر کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا کێشاوە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دوژمنەکانی ناچارن بەردەوام لە دژی هاوار بکەن. جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی سەڵتەنەتخوازان نیشان دەدات کە ململانێ لەسەر داهاتووی ئێران چووەتە قۆناغێکی جدییەوە. هێزە بۆرژوازییەکان خەریکی ڕێکخستنی خۆیانن تا لە ئەگەری کرانەوەی سیاسی، بالادەستیی خۆیان بچەسپێنن. بەڵام داهاتووی ئێران پێشوەختە دیاری نەکراوە. لە بەرامبەر پرۆژەیەکدا کە دەخوازێت گۆڕانکاریی سیاسی بەبێ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەرێتە پێشەوە، ئەرکی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان ڕوونە: هاوئاهەنگیی ڕێکخراوەیی و گوتاریی، گۆڕینی ناڕەزایەتییە بەرفراوانە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرنامەیەک بۆ ئازادی، یەکسانیی ئابووری و بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک لە دەسەڵاتدا. بە پێچەوانەوە مەترسی ئەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی بڕوات، بەڵام پەیوەندیگەلێک بمێننەوە کە کرێکار هەروا بە چەوساوەیی، بێدەنگی و بێمافی ڕابگرن

***

## زیندانیان لە سێبەری شەڕدا: مەترسیی بۆردومان و مەترسیی سەرکوتکردن

لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی ترەوە، نیگەرانییەکان سەبارەت بە چارەنووسی زیندانیان لە ئێران بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەی سەندووە. لە هەر شەڕێکدا، هەندێک گرووپ زیاتر لە هەمووان دەکەونە ژێر مەترسییەوە. لە ئێرانی ئەمڕۆدا، زیندانیانی سیاسی، ئەقیدەتی و تەنانەت زیندانیانی تاوانە گشتییەکان، لە زومرەی بێپەناترین کەسانی کۆمەڵگان. ئەوان نە توانای خۆدەربازکردنیان هەیە، نە مافی هەڵبژاردن و نە لە زۆر حاڵەتیشدا دەستیان بە هەواڵ، دەرمان و پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ بنەماڵەکانیان ڕادەگات. هەر بۆیە، نیگەرانیی بنەماڵەی زیندانیان بووەتە یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەم قەیرانە زیندانیان لە ئێستادا، هاوکات لەگەڵ دوو مەترسیی جیدی بەرەوڕوو بوونەتەوە. لە لایەکەوە، زیندان و گرتووخانەکان ئەگەری هەیە لە کاتی هێرشە سەربازییەکاندا زیانیان پێ بگات، بەتایبەت ئەگەر لە نزیک ناوەندە سەربازی و ئەمنییەکان هەڵکەوتبێتن. لە لایەکی ترەوە، کەشی شەڕ و نائەمنی دەتوانێت ببێتە هۆی چڕتربوونەوەی سەرکوت لە ناو زیندانەکاندا. مەترسی ئەوە هەیە کە دامەزراوە ئەمنی و سەرکوتگەرەکان توندوتیژتر لە هەمیشە لەگەڵ زیندانیان ڕەفتار بکەن یان تەنانەت بیانکەنە قوربانیی تەسفییەحیسابە سیاسی و ئەمنییەکان. بەم شێوەیە، زیندانیان لە نێوان دوو هەڕەشەدان: بۆردومان و سەرکوت

دوای هێرشەکانی ئەم دواییەی سەر ناوەندە سەربازی و ئەمنییەکانی ئێران و زاڵبوونی کەشی شەڕ بەسەر شارە جیاوازەکاندا، گەلێک ڕاپۆرت سەبارەت بە خراپیی دۆخی زیندانەکان بڵاوکراونەتەوە. هۆشدارییەکەی ئیسرائیل سەبارەت بە چۆڵکردنی ناوچەی "ئێڤین" لە تاران، نیگەرانیی بنەماڵەی زیندانیان و چالاکانی مافی مرۆڤی دووقات کردەوە. ئەوان هۆشدارییان داوە کە گیانی زیندانیان لە مەترسیدایە. نیگەرانیی سەرەکی ئەوەیە کە لە ئەگەری هێرش بۆ سەر دەوروبەری زیندانەکان یان ڕووداوی تەقینەوە لە نزیک ئەو زیندانانە، هەزاران زیندانی بەبێ هیچ پەناگەیەک بکەونە بەر مەترسیی گیان لەدەستدان و زیانی جیدی. هاوکات، ڕاپۆرتەکان باس لە زاڵبوونی هەرچی زیاتری کەشی ئەمنییەتی لە ناوخۆی زیندانەکان دەکەن. سنووردارکردنی توندی پەیوەندییەکان، کەموکوڕی لە دابەشکردنی خۆراک، کەمبوونەوەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و زیادبوونی حزووری هێزە ئەمنییەکان لە هەندێک لە زیندانەکاندا، فشاری سەر زیندانیانی گەلێک زیاتر کردووە. ئەم دۆخە بۆ بنەماڵەکان بە واتای دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام و ئازاربەخشە. ڕۆژانی چاوەڕوانی و بێهەواڵیی لەو ئازیزانەی کە پێشتریش لە دۆخێکی گەلێک دژواردا ڕاگیرابوون. لە کاتی شەڕدا، تەنانەت ئەگەر بۆ ساتێکیش پەیوەندییەکانیان بپچڕێت، بۆ بنەماڵەکان وەک مانگ و ساڵ تێپەڕ دەبێت ئەو ڕاپۆرتانەی لە هەندێک لە زیندانەکانەوە بەدەست دەگەن، وێنەیەکی سامناکتر دەخاتەڕوو. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زمان یەکێک لە زیندانیانی زیندانی "تارانی گەورە" (فەشافوویە) وە دەڵێت، دەنگی چەند تەقینەوەیەکی بەهێز بیستراوە، بینای کارگێڕیی زیانی بەرکەوتووە، شووشەکان شکاون و بەشێک لە دیوارەکان ڕووخاون. بە وتەی ئەم سەرچاوەیە، دوای ئەوەی زیندانییەکان ڕژاونەتە دەرەوە، هێزەکانی گاردی زیندان بە توندی سەرکوتیان کردوون و تەقەیان لێکردوون. هێشتا ڕوون نییە چەند کەس بریندار یان کوژراون. هەر ئەم بێهەواڵی و ناڕوونییە، دڵەڕاوکێی بنەماڵەکانی چەند هێندە کردووە. ئەو بنەماڵانەی کە نە وەڵامێکی ڕوونیان پێ دەدرێتەوە و نە ڕێگەیەکیان هەیە بۆ دڵنیابوون لە سڵامەتیی ئازیزانیان هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆنترۆڵی زیندانی تارانی گەورە کەوتووەتە دەست "یەگان ویژە" (هێزی تایبەت)، هاتوچۆی زیندانیان سنووردار کراوە و دابین نەکردنی پێداویستیی ڕۆژانەیان گرفتی گەورەی بۆ دروست کردوون. هەروەها هەندێک هەواڵی هاوشێوەش لە زیندانەکانی "قزڵحەسار"ی کەرەج و "لاکانی" ڕەشت بڵاوکراوەتەوە، کە باس لە سنووردارکردنی توند و کەمبوونەوەی دەستڕاگەیشتنی زیندانیان بە پێداویستییە سەرەتاییەکان دەکەن لە ئیسفەهانیش، هەواڵی گواستنەوەی ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی و دەستبەسەرکراوانی زیندانی "دەستگرد بۆ شوێنێکی نادیار، شەپۆلێکی نوێی نیگەرانیی دروست کردووە. گواستنەوەی زیندانیان بەبێ زانیارییەکی ڕوون، تەنانەت لە بارودۆخی ئاساییشدا جێگایەی نیگەرانییە، بەڵام لە کاتی شەڕدا نیگەرانیی بنەماڵەکان زۆر زیاتر دەبێت. ئەوان لە شوێنی ڕاگیرانی ئازیزانیان ئاگادار نین، نازانن لە چ دۆخێکدان و گیانیان پارێزراوە یان نا لە هەندێک ناوچە، مەترسییەکە تەنانەت لەوەش زیاترە. بەگوێرەی هەندێک

درێژە لە لاپەڕەی ١٧

درێژە ی لاپەڕەی ١٦

لە ڕاپۆرتەکان لە کاتی هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر شوێنە سەربازی و ئەمنییەکان لە شاری سنە، چەند گرتووخانە کراونەتە ئامانج. ئەو گرتووخانانەی کە تا چەند هەفتە لەمەوبەر شوێنی ڕاگرتنی زیندانیانی سیاسی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هیچ زانیارییەکی ورد سەبارەت بە دۆخی زیندانیانی ئەم ناوەندانە بڵاونەکراوەتەوە. هەروەها هەندێک لە ڕاپۆرتەکان باس لە ڕوودانی تەقینەوە لە ناوچەی "ئێڤین"، نزیک زیندانی تارانی گەورە و دەوروبەری زیندانی شاری زنجان دەکەن یەکێک لەو نموونانەی کە نیگەرانییەکی ئێجگار زۆری دروست کردووە، بریتییە لە دۆخی زیندانی "ئەهەر". بەپێی ڕاپۆرتەکان، دوای بۆردومانکردنی زیندانی "سەراب" لە ڕۆژەکانی سەرەتای شەڕدا، تەواوی زیندانیان و کارمەندانی ئەو زیندانە، گوازراونەتەوە بۆ زیندانی ئەهەر. ئەم ڕاگواستنە لەناکاوە، بووەتە هۆی دروستبوونی قەرەباڵغییەکی زۆر، بەرتەسکبوونەوەی شوێنی ژیان، کەمیی خۆراک و کەمبوونەوەی پێداویستییە تەندروستییەکان. ئەو زیندانیانەی پێشتریش لە دۆخێکی سەختدا بوون، ئێستا ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵتر بوونەتەوە. لە ئاوا دۆخێکدا، مەترسیی نەخۆشی، بەدخۆراکی، لاوازبوونی جەستەیی و ئاستی ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی زیندانیش زیاتر دەبێت لە هەموو ئەمانەدا، نابێت ئازار و نیگەرانیی بنەماڵەکان لەبەرچاو نەگیرێت. بنەماڵەی زیندانیان ئەم ڕۆژانە تەنها نیگەرانی درێژەی دەستبەسەربوونی ئازیزانیان نین، ئەوان لە مەرگی بێدەنگی کەسەکانیان بەهۆی بێدەرمانی، لە کوژراوانیان لە ئاکامی هێرشەکاندا، لە سەرکوتکردنی ناو زیندان و لە بێهەواڵیی موتڵەقی ئەوان دەترسن. زۆرێک لەم بنەماڵانە خۆشیان لەژێر فشاری ئەمنییەتیدان و هاوکات دەبێت باری قورسی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێی ئازیزانیشیان تەحەمول بکەن. بۆ ئەوان، شەڕ تەنها دەنگی تەقینەوە نییە، شەڕ واتە بێهەواڵیی لە جگەرگۆشە، هاوسەر، باوک یان ئەو دایکانەی کە لە پشت دیوارەکانی زیندانیدا گرفتار بوون لە ئاوا بارودۆخێکدا، پرسی زیندانیان چیتر تەنها بابەتێکی دادوەری یان کارگێڕی نییە، بەڵکوو پرسێکی مرۆیی بەپەلە و هەنووکەییە. ئازادی بێ شەرت و مەرجی زیندانیانی سیاسی و ئەقیدەتی دەبێت لە سەرووی هەموو ویست و داواکارییەکانی ئەمڕۆدا بێت. سەبارەت بە زیندانیانی تاوانە گشتییەکانیش، دەبێت لەسەر ئازادکردنی بەپەلە و مەرجدار، پێدانی مۆڵەتی نائاسایی بە وەرگرتنی بارمتە یان گواستنەوە بۆ شوێنێکی ئەمن و ئارام جەخت بکرێتەوە. لە بارودۆخی شەڕدا، پاراستنی گیانی زیندانیان دەبێت لە زومرەی ئەولەوییەتە سەرەکییەکان بێت چارەنووسی زیندانیان لە ڕۆژانی شەڕدا، ئەزموونێکە بۆ پێوانەی سەرەتاییترین پێوەرە مرۆییەکان. ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی تر دەبێت دەنگی زیندانیان و بنەماڵە نیگەرانەکانیان بین

****




ئەو شەڕەی کە لە ٢٨ی فێوریەی ٢٠٢٦ لە نێوان ئەمریکا، ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی پێکرد، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە شەپۆلێک شیکاریی لەگەڵ خۆی هێنا. ژوورە هزرییەکان، دەزگا هەواڵگرییەکان، میدیاکان و بازاڕە داراییەکان، هەر کامەیان وێنەیەکی جیاوازیان لە ڕەوتی شەڕەکە نیشان دەدا. هەندێک باسیان لە پەرەسەندنی خێرای قەیرانەکە دەکرد، هەندێک لە لێدانی گورزی کوشندە لە پێکهاتەی حکومەت و هەندێکیش باسیان لە ناسەقامگیری ناوچەیی و جیهانی دەکرد. بەڵام لە ناو جەرگەی ئەم جیاوازیی بیروڕایانەدا، دەرەنجامێکی گرنگ دروست بوو، ئەویش ئەوەیە کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی، بە تەنیا، بۆ دارمانی خێرای دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بەس نییە ئەم کۆبەندە بە ڕێکەوت نییە. ڕژێم لە ژێر فشاری شەڕدا لاواز دەبێت، توانای ئابووریی کەم دەبێتەوە، ئەگەری هەیە کەلێن و ناکۆکی ناوخۆی دەسەڵات پەرەبستێنێ و ناڕەزایەتییە کۆ مە ڵا یە تییە کا نیش گەشە بکەن، بەڵام لە نێوان لاوازبوونی ڕژێمێک و دارمانیدا، مەودایەکی ڕاستەقینە هەیە. ئەم مەودایە لەلایەن ڕێکخستنی سیاسی، دەزگای کارگێڕی، هێزی سەربازی و ئامێری سەرکوتەوە پڕ دەکرێتەوە. ڕژێمێک کە هێشتا توانای فەرماندەیی هەبێت، هێزی هەبێت، زیندانی هەبێت، هێشتا پارە و چەک و تۆڕی ڕێکخراوی هەبێت، ڕەنگە لە ژێر بۆردوماندا بلەرزێت، بەڵام هەروا لەسەر پێ دەمێنێتەوە سیستەمی سیاسی لە ئێران، لەسەر ناوەندێکی سادە و تاکەکەسی دانەمەزراوە. ئەم سیستەمە لەسەر تۆڕێکی لێکئاڵاوی دامەزراوە سیاسی، ئایینی، سەربازی و ئەمنییەکان بنیادنراوە. ڕێبەر، شۆڕای نیگەهبان، کۆمەڵەی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، حکوومەت، دەسەڵاتی دادوەری، سپای پاسداران، بەسیج، دامەزراوە ئایینییەکان، بونیادەکان و دەزگا هەواڵگرییەکان، پێکەوە پێکهاتەیەکی چەند لایەیان دروست کردووە. ئەم پێکهاتەیە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە کێبڕکێی ناوخۆییان هەیە، لە پاراستنی گشتێتی ئەو سیستەمەدا خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش. بەم هۆیەوە، لەناوبردن یان لاوازکردنی یەک سەر، خۆی لەخۆیدا نابێتە هۆی هەرەسهێنانی هەموو هەرەمەکە. ئەگەر کەسایەتییەک لابچێت، دامەزراوەکانی دیکە بۆ پاراستنی گشتێتی ڕژێم دەکەونە کار لەو نێوەندەدا، دەوری سپای پاسداران یەکلاکەرەوەیە. سپا تەنیا هێزێکی سەربازی نییە، بەڵکوو دامەزراوەیەکی سیاسی، ئابووری، هەواڵگری و ئەمنییە. لە زۆرێک لە کەرتەکانی ئابووریدا ئامادەیی هەیە، لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا خاوەن نفووزە، لە سیاسەتی ناوچەییدا دەستی باڵای هەیە و لە کۆنترۆڵی ناوخۆییشدا دەوری سەرەکی دەبینێت. بەسیج، هێزە ئەمنییەکان، تۆڕە ناوخۆییەکان، بنکەکان، زیندانەکان و میکانیزمەکانی سەرکوت، هەموویان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دامەزراوەیەدا کار دەکەن. بۆیە ئەگەر شەڕ بەشێک لە توانای سەربازی حکومەتیش لەناو ببات، بەڵام توانای کۆنترۆڵی ناوخۆیی، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەناو ناچێت ئەزموونی کۆماری ئیسلامیش ئەمەی نیشان داوە. ئەم ڕژێمە لە دەیەکانی ڕابردوودا چەندین جار ڕووبەڕووی قەیران بووەتەوە، لە شەڕ و گەمارۆوە تا دەگاتە ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان و کەلێن و ناکۆکییە ناوخۆییەکان. هەرجارە و ڕژێم، تەنیا بە پشت بەستن بە ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی بەردەوام نەبووە، بەڵکوو ئەوەی ڕایگرتووە زیاتر لە هەموو شتێک، بریتی بووە لە ڕێکخراوی سەرکوت، بوونی یەکگرتوویەکی ڕێژەیی لەناو بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات و توانای کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە. بۆردومان دەتوانێت ئەم ئامێرە لاواز و ناکارامە بکات، بەڵام مادام ئەم ئامێرە بەتەواوی لە کار نەکەوتووە، دارمانی سیاسی مسۆگەر نییە لە لایەکی دیکەوە، هەبوونی ناڕەزایەتییەکی قووڵی جەماوەری، بە تەنیا بە مانای ئامادەیی بۆ قۆناغی ڕاگواستنی دەسەڵات نییە. کۆمەڵگەی ئێران لێوانلێوە لە تووڕەیی، کرێکاران، ژنان، گەنجان، خانەنشینان، مامۆستایان، پەرستاران و بێکاران ناڕازین. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەڵام ناڕەزایەتی بەربڵاو ئەگەر گرێ نەدرێت بە ڕێکخستنێکی کاریگەر و ڕێبەرایەتییەکی سیاسی ڕوونەوە، مەرج نییە کۆتاییەکەی بریتی بێت لە ڕووخانی ڕژێم. ناڕەزایەتی دەکرێت پەرە بسێنێت، بەڵام دیسان سەرکوت بکرێتەوە. دەکرێت قارەمانانە بێت، بەڵام هەروا بە پەرتەوازەیی بمێنێتەوە

درێژە لە لاپەڕەی ١٨

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧١ -ڕەشەممەی ١٤٠٤ی - مارسی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ١٧

ئۆپۆزیسیۆنیش ڕووبەڕووی لاوازیی جدی بووەتەوە. دووبەرەکی لە نێوان هێزەکاندا قووڵە، هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر جێگرەوەیەکی سیاسی بوونی نییە و ڕێبەرایەتییەکی یەکگرتوو کە لەلایەن کۆمەڵگاوە بەشێوەیەکی گشتی قبوولکراو بێت، دروست نەبووە. ڕێکخستنی ناوخۆیی لە ئاستێکدا نییە کە بتوانێت بۆشایی دەسەڵات پڕ بکاتەوە. بەشێکی گرنگی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵاتن. ئەم هێزانە دەتوانن میدیایان هەبێت، دەتوانن ڕاستییەکان ئاشکرا بکەن، دەتوانن فشاری دیپلۆماسی دروست بکەن، بەڵام توانای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆیان لە گۆڕەپانی ناوخۆدا سنووردارە. هێزێکی کە نەتوانێت لە کاتی قەیراندا لە گەڕەکەکان، ناوەندەکانی کار، شارەکان و دامەزراوە ناوخۆییەکاندا حزوورێکی کاریگەری هەبێت، چۆن دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی حکومەتێکی کە لەبەردەم دارماندایە؟ واقعییەت ئەوەیە کە شەڕ وێرانکەرە و دەتوانێت هاوسەنگییەکان تێک بدات، بەڵام بە تەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوە نییە بۆ هەرەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران. ئەگەر بڕیار بێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ڕوو بدات، پێویستی بە هۆکارە قووڵە ناوخۆییەکان هەیە، پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی دەزگای دەسەڵاتدار، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە خوارەوە، دروستکردنی جێگرەوە (بەدیل) و شکاندنی قۆرخی سەرکوت هەیە. بێ ئەم توخمە سەرەکییانە، ئۆپەراسیۆنی دەرەکی ڕەنگە تەنیا شێوەی قەیرانەکە بگۆڕێت، نەک ماهیەتی دەسەڵاتەکە تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە شەڕ ببێتە هۆی دارمانی ڕژێم، دیسان ئەم پرسە بێ وەڵام دەمێنێتەوە کە چی دەبێتە جێگرەوەی؟ هەرەسهێنانی دەوڵەتێک بە مانای دروستبوونی لەخۆڕای جێگرەوەیەکی پێشکەوتوو و جەماوەری نییە. ئەگەر ئەمریکا و ئیسرائیل بیانەوێت جێگرەوەی دڵخوازی خۆیان جێگیر بکەن، ڕێگەیەکی ئاسانیان لە پێش نییە. کارێکی وا بەبێ داگیرکاری ناکرێت. دەبێت هێزی سەربازی داگیرکەر لەسەر زەوی جێگیر بکرێت و دەزگایەکی کارگێڕی نوێ لە سەرەوە بسەپێنرێت. ئەزموونی ئەفغانستان و عێراق، جیا لە ئەنجامە ڕاستەقینەکانی بۆ خەڵکی ئەو دوو وڵاتە، ئەزموونێکی لەو شێوەیە بوون سیناریۆیەکی دیکە ئەوەیە کە یەکێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن یان هاوپەیمانییەک لەوان، بتوانێت ببێتە جێگرەوەی ڕژێم. بەڵام ئەمە تەنیا بە ڕاگەیاندنی بوون لە میدیاکاندا یان پشت بەستن بە پشتیوانی دەرەکی ناکرێت. ئەم هێزە دەبێت ڕێکخراو بێت، ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی هەبێت، کادر و تەشکیلات و تۆڕی ناوخۆیی و توانای بەڕێوەبردنی کاروباری هەبێت. دەبێت بتوانێت لە کاتی قەیراندا ئاسایش، نان، خزمەتگوزاری و نەزمێکی کۆمەڵایەتی دابین بکات. نموونەکانی وەک ئیخوان موسلیمین لە میسر، ئەلنەهزە لە تونس و خودی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧دا، نیشانی دەدەن کە جێگرتنەوەی دەسەڵات بەبێ ڕێکخستنی بەربڵاو و نفووزی کۆمەڵایەتی مەحاڵە بەڵام سیناریۆیەکی دیکەش هەیە کە بە بڕوای ئێمە هیوابەخشترین حاڵەتە، ئەویش بریتییە لە دروستبوونی "حکومەتێکی دووفاقی". لەم دۆخەدا، ڕژێم بەهۆی شەڕ و قەیرانی ئابووری، ناڕەزایەتی و هەڵوەرینی هێزەکانی بە توندی لاواز دەبێت، بەڵام هێشتا بە تەواوی لەپێ نەکەوتووە. هەر لەو کاتەدا، دامەزراوە جەماوەرییەکان لە خوارەوە دەست دەکەن بە پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات. شۆڕا و کۆمیتەکانی گەڕەکەکان پێکدێن و دەست دەکەن بە چالاکی، ڕێکخراوە کرێکارییەکان، دامەزراوەکانی بەرگریکردن لەخۆ و ئەنجومەنە جەماوەرییەکان گەشە دەکەن. خەڵک تەنیا ناڕەزایەتی دەرنابڕن، بەڵکوو بەڕێوەبردنی کاروباریش دەگرنە دەست ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە دەتوانێت جێگرەوەیەکی ڕاستەقینە شکڵ پێبدات، جێگرەوەیەکی کە نەک لە دەرئەنجامی بۆردومان، بەڵکوو لە ئیرادە و ڕێکخستنی جەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ئاوا حاڵەتێکدا، دەسەڵات لە خوارەوە دروست دەبێت. دامەزراوە جەماوەرییەکان ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوی خەڵک و وەڵامدەرەوە دەبن. مەشروعییەت لە کۆمەڵگەوە دێت نەک لە داگیرکەر یان بیرۆکراسییەکی گەندەڵی کۆنەوە. ئەزموونی "ڕۆژاوا" لە سووریا، بە هەموو سنووردارێتی و دژوازییەکانیەوە، نیشانی دا کە لە ناو جەرگەی قەیران و شەڕدا، دامەزراوە جەماوەرییەکان دەتوانن سەرهەڵبدەن و بۆشایی دەسەڵات پڕ بکەنەوە لە بەرامبەردا، ئەگەر هیچ کامیان دروست نەبێت و ڕژێمیش بەهۆی شەڕەوە هەرەس بهێنێت، مەترسییەکی گەورە هەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکات، ئەویش بریتییە لە پاشاگەردانییەکی بەربڵاو و زاڵبوونی هەژموونی گرووپە چەکدارە نابەرپرسیارەکان. لەم دۆخەدا، نە دەوڵەتی پێشوو دەمێنێت و نە جێگرەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئامادەیە. بۆشایی دەسەڵات بە هێزە چەکدارە پەرتەوازەکان، مافیا ناوخۆییەکان، میلیشیاکان و هێزە بیانییەکان پڕ دەکرێتەوە. نموونەی لیبیا دوای بەهاری عەرەبی نموونەیەکی ڕوونە بۆمان. هەرەسهێنان ئەگەر لەگەڵ ڕێکخستنی جەماوەریدا نەبێت، دەتوانێت ببێتە کارەساتێکی گەورەتر لە خودی ڕژێمەکە بۆیە، کێشەی سەرەکی تەنیا ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی هەرەس بهێنێت، کێشەکە ئەوەیە چ هێزێک، بە چ ئاسۆیەکی سیاسی و بە چ شێوازێکی ڕێکخستن، دەتوانێت جێگەی بگرێتەوە. لە دیدی ئێمەوە، باشترین سیناریۆ بریتییە لە دروستبوونی دەسەڵات لە خوارەوە. واتە دۆخێکی کە تێیدا خەڵکی ڕێکخراو، دامەزراوە بەرپرسیارەکانی خۆیان دروست بکەن. دەسەڵات و چەک بکەوێتە دەست دامەزراوە جەماوەرییە هەڵبژێردراوەکان، نەک دەوڵەتی داگیرکەر یان بژاردەی دەستنیشانکراو کەواتە دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێین: ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل، بە تەنیا گەرەنتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە. تەنانەت ئەگەر یارمەتی لاوازبوونیشی بدات، هێشتا یەکلاکەرەوەی کۆتایی نییە. ئەوەی یەکلاکەرەوەیە، هاوسەنگی هێزی ناوخۆییە. ئەوەی یەکلاکەرەوەیە، ڕێکخستنی چینی کرێکار، چەوساوەکان، ژنان، گەنجان و کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازە. دروستبوونی دامەزراوەی جێگرەوە لە خوارەوە تەنیا ڕێگایەکە کە دەتوانرێت تێیدا هەم دژی ڕژێم شەڕ بکرێت، هەم سنوورێک لەگەڵ داگیرکاری و دەستێوەردانی دەرەکیدا دابنرێت و هەم ڕێگری بکرێت لە دروستبوونی پاشاگەردانی لەناو کۆمەڵگەدا ئەرکی ئێمەش هەر لەم خاڵەدا ڕوون دەبێتەوە، دەبێت بۆ دروستکردنی ئەم جێگرەوەیە کار بکەین. دەبێت لە پەیوەندیدا بین لەگەڵ خەباتە ڕاستەقینەکانی خەڵک. دەبێت پشت بە شۆڕاکان، ڕێکخراوەکان، دامەزراوە ناوخۆییەکان و ئیرادەی بەکۆمەڵ ببەستین. داهاتوویەکی ئازاد و یەکسان، نە لە ئاسمانەوە و نە لە مووشەکەکانەوە دادەبارێت، بەڵکوو ئەم داهاتووە تەنیا جەماوەری ڕێکخراو و وشیار، بە ئیرادەی خۆیان دروستی دەکەن

****

# دیموکراسی بەبێ جەماوەر، نیگایەکی ڕەخنەگرانە بۆ "نامیلکەی سەردەمی نائاسایی" ڕەزا پەهلەوی

لە بارودۆخێکدا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەهۆی قەیرانە قووڵ و چارە هەڵنەگرەکانی لە لێواری دارماندایە، باس و خواس دەربارەی داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بووەتە پێویستییەکی سیاسی بۆ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی. لەم نێوەندەدا، ڕەزا پەهلەوی بە بڵاوکردنەوەی «نامیلکەی سەردەمی نائاسایی» (دفترچه دوران اضطرار) هەوڵی داوە خۆی وەک کەشتیوانی قۆناغی ڕاگواستنی دوای ڕووخانی ڕژێم بناسێنێت. بەڵام ئایا ئەم نامیلکەیە نەخشەڕێگایەکە بەرەو ئازادی و یەکسانی، یان گەڵاڵەیەکە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ستەمکاری لە بەرگێکی نوێدا؟ پێش هەموو شتێک، با لەوە بگەڕێین کە ئەوەی ڕەزا پەهلەوی و تەنانەت هێزە بۆرژواکانی تری ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی، لە ڕووی بەرنامەی ئابوورییەوە لێرە و لەوێ بە شێوەیەکی شەرمنانە باسی لێوە دەکەن، لە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆیدا شتێک زیاتر نییە لە ڕێنماییەکانی بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی دراو و لە ڕاستیدا "نیۆلیبرالیزمی ئابووری". بەرنامەیەک کە دەزانین لە وڵاتانی «لە حاڵی گەشەسەندندا» بووەتە هۆی چ کارەساتێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی. بە هەر حاڵ، ئەم بەڵگەنامەیە ئیدیعای ئەوە دەکات کە پرسی دیموکراسی لە سەردەمی ڕاگواستنی کردووەتە ئەولەویەتی خۆی؛ ئێمەش لێرەدا بێبنەمایی ئەم ئیدیعایە دەسەلمێنین لەم بوارەدا پرسیارە سەرەکییەکە لەم بەڵگەنامەیە ئەوەیە: لەو مۆدێلەی کە "نامیلکە"کە باسی دەکات، دەسەڵات بە کێ دەسپێردرێت و میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی ئەم دەسەڵاتە کامەیە؟ پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیەدا نیشانی دەدات کە وەڵامی ئەم پرسیارە، بە پێچەوانەی ڕووکەشە ڕازاوەکەی، زۆر مەترسیدارە دیارترین تایبەتمەندی «نامیلکەی نائاسایی»، ناوەندگەراییەکی توندڕەوانەیە. بەپێی بەندە جیاجیاکانی ئەم بەڵگەنامەیە، «ڕێبەری ڕاپەڕینی نەتەوەیی» لە سەرووی هەموو کاروبارەکاندایە؛ لە پەسەندکردنی کۆتایی دەستنیشانکردنی ئەندامانی حکومەتەوە بگرە تا دەستپێشخەری بۆ پێکهێنانی دامەزراوەکان بە بیانووی سەردەمی ڕاگواستن، هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێبەرێکی خۆسەپێندا دەبێت. ئەم پێکهاتەیە نەک هەر پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پشتگوێ دەخات، بەڵکو بە کردەیی دەسەڵاتێکی بێسنوور لە دەستی یەک کەسدا کۆدەکاتەوە. لەم مۆدێلەدا، «ڕێبەر» شەرعییەتی خۆی نەک لە دەنگی جەماوەر، بەڵکوو لەو پێگەیەوە وەردەگرێت کە بە ئارەزووی خۆی وەک ڕێبەری خۆسەپێن پێناسەی کردووە «نامیلکەی نائاسایی» لە کاتێکدا ئیدیعای بەڕێوەبردنی ئێرانی سبەینێ دەکات کە لە تەواوی ئۆرگانەکانی بڕیاردان و بەڕێوەبردنیدا، هیچ شوێنەوارێک لە ڕۆڵی ژنان نابینرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»، بە ڕوونی نیشانی دا کە ژنان نەک هەر پێشەنگی خەباتن، بەڵکوو یەکێک لە بنیاتنەرە سەرەکییەکانی داهاتووی ئێران دەبن. هەر گەڵاڵەیەک بۆ داهاتوو کە ژنان پەراوێز بخات، لە

درێژە لە لاپەڕەی ١٩

درێژە ی لاپەڕەی ١٨

بنەڕەتدا دژە دیموکراسییە یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانی دیموکراسی، ئامادەیی چالاکانەی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوە کرێکارییەکان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانە لە پرۆسەی بڕیاردانددا. بەڵام لەم نامیلکەیەدا، ڕۆڵی ئەم دامەزراوانە نادیارە. ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وەک پیشەسازی نەوت و گاز و پێترۆشیمی و گواستنەوە لە کوێن؟ کۆڕ و کۆمەڵە گشتییە خۆجێییەکان لە گەڕەکەکان لە کوێن؟ بۆچی شۆڕاکانی ژنان، خوێندکاران و کەمینە نەتەوەییەکان غایبن؟ بۆچی ئەم جەماوەرە لە داڕشتنەوەی نەخشەی داهاتووی وڵاتێکدا کە خوێنیان لەپێناو ئازادییەکەیدا ڕشتووە، خاوەن ڕا نین؟ ئاماژە گشتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەم نامیلکەیەدا، لە غیابی میکانیزمە جێبەجێکارییەکان و دامەزراوە سەربەخۆکانی چاودێری، تەنها دروشمێکی بێ ناوەڕۆکن. مێژووی هاوچەرخی ئێران پڕە لە بەڵێنی مافی مرۆڤ کە لە کردەوەدا پێشێل کراون. بەبێ بوونی دەزگای دادی سەربەخۆ، میدیای ئازاد، ئەنجومەنە کرێکارییە سەربەخۆکان و تەنانەت ڕێکخراوە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ، ئەم بەڵێنانە لە پارچە کاغەزێک زیاتر نین کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە تەنانەت ئەو مافانەی مرۆڤ کە ڕەزا پەهلەوی ئیدیعای دەکات، بەبێ دەسەڵاتی جەماوەر بۆ بەرگریکردن لێی، هەمیشە دەکرێت زەوت بکرێنەوە. مافی کرێکاران بەبێ شۆڕای کرێکاری، مافی ژنان بەبێ ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان و ئازادی ڕادەربڕین بەبێ میدیای ئازاد، هیچ مانایەکی نییە یەکێک لە تاریکترین خاڵەکانی ئەم نامیلکەیە، پشتگوێخستنی ئەو ڕاستییەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. لۆژیکی زاڵ بەسەر ئەم بەڵگەنامەیەدا، هەمان لۆژیکی «خاوەنماڵ و کرێنشین»ە کە تێیدا گێڕانەوەیەکی تایبەت بۆ ناسنامەی ئێرانی وەک ناسنامەی زاڵ دەردەکەوێت. لەم دیدگایەدا، نەتەوەکانی تری ئێران (کورد، بەلووچ، ئازەری، عەرەب و...) نەک وەک هاوبەشی یەکسان لە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نوێدا، بەڵکوو وەک کەمینەگەلێک دەبینرێن کە دەبێ ئەو یاسایانە قبوڵ بکەن کە لە ناوەندەوە بۆیان دیاری کراوە. ئەمە هەمان ئەو سیاسەت و ڕێگەیەیە کە هەم لە سەردەمی پەهلەوی و هەم لە کۆماری ئیسلامیدا، ستەمی نەتەوەیی لە هەموو ڕەهەندە زمانەوانی، کولتووری و هەروەها مافی دیاریکردنی چارەنووسی، بە ئاگر و خوێن بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا سەپاند نامیلکەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە ئەمنی-سەربازییەکانی ڕژێم، ڕێگای «تێکەڵکردنی شارەزایانی» سپای پاسداران و دامەزراوە سەرکوتگەرەکانی تر لە ناو پێکهاتە نوێیەکەدا پێشنیار دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم شارەزایانە، هەڵگری کولتووری ڕێکخراوەیی، تۆڕەکانی دەسەڵات و وەفادارییە ئایدۆلۆژییەکانی ڕژێمی پێشوون. تێکەڵکردنی ئەوان لەو پێکهاتە نوێیەی مەبەستی ڕەزا پەهلەوییە، مانایەکی نییە جگە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان تۆڕەکانی دەسەڵات لە بەرگێکی تردا ڕەنگە گرنگترین لاوازیی ئەم بەڵگەنامەیە، نەبوونی هیچ ستراتیژییەکی ڕوون بێت بۆ «چۆنیەتی ڕووخاندنی» ڕژێم. پشت بەستن تەنها بە گوشاری دەرەکی و داڕمانی خۆبەخۆ، نیشانی دەدات کە نووسەرانی ئەم دەقە نەیانتوانیوە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ بزووتنەوە کۆ مە ڵا یە تییە کا نی ناوخۆی وڵات دروست بکەن. لەم بەڵگەنامەیەدا، جەماوەر نەک وەک هێزی بزوێنەری گۆڕانکاری، بەڵکوو وەک بینەرێکی پاسیڤ دەبینرێن کە تەنها لە کۆتایی ڕێگەکەدا، ئەو بڕیارانەی پێشوەختە دراون، پەسەند دەکەن ئەوەی کۆمەڵگەی ئێران پێویستی پێیەتی، نەک نیمچە بەرنامەیەک لەژێر ناوی «نامیلکەی نائاسایی» لەسەر بنەمای تاکەکەسێک، بەڵکوو بەرنامەیەکی گشتگیرە کە پشت بە ویست و ئیرادەی هۆشیارانەی زۆرینەی خەڵکی ئێران دەبەستێت؛ ئەو خەڵکەی کە نەک وەک تاک، بەڵکوو لە ڕێکخراوە و دامەزراوە مەدەنییەکانی خۆیاندا، توانای ئەوەیان هەبێت دەسەڵاتی خۆیان لە هێزەوە بگۆڕن بۆ کردەوە. پەیماننامەیەک کە تێیدا دەسەڵات لە هەموو ئاستەکاندا دابەش کرابێت و مافی کار، مافی یەکسانی ژنان و نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بە فەرمی بناسرێت. بە پێچەوانەوە، «سەردەمی نائاسایی» و «قۆناغی ڕاگواستن» دەکرێ ببێتە ئامرازێک بۆ هەمیشەیی کردنی دۆخی نائاسایی و گەڕانەوە بۆ ستەمکاری لە شێوازێکی نوێدا

****

## هەموو هێلکەکانتان مەخەنە ناو یەک سەبەتەوە

### حەمید ڕەحمانپوور

# هاوپەیمانیی ٦ حیزبە کوردستانییەکە و نەچوونی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ناو ئەو هاوپەیمانییە

هاوڕێیانی ئازیز، ڕێبەران، بەتایبەت لە کوردستان لەم ڕۆژانەی دواییدا باس و خواسێکی زۆر لەنێوان لایەنگرانی هاوپەیمانیی ٦ حیزبە کوردستانییەکە و کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) کە نەچووەتە ناو هاوپەیمانییەکەوە، هاتۆتە ئاراوە. کۆمەڵە هۆکارەکانی بەوردی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردۆتەوە بڕوای من وایە کە هاوپەیمانیی ٦ حیزب و نەچوونی حیزبێکی دیکە، کارێکی تەواو لۆژیکی و سروشتییە. دەبێ ئەوەندە دیموکرات و واقیعبین بین کە کەسانی دیکە و ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم ڕەوتە حیزبییانەن، ئەمە قبووڵ بکەن و بە دیدێکی کراوە و بە ڕێزگرتن لە ڕا و ئاڕاستەی حیزبەکان بڕوانن. هەموویان هۆکاری خۆیان هەیە و بێگومان سروشتییە کە هەوڵ بدەن شەپۆلێکی بەرفراوانتر لە ڕاستیی هەڵوێستەکانی خۆیان قەناعەت پێبکەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرەڕای هەبوونی توێژ و چین و ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکان و بە سەرنجدان بە مێژوویەکی پڕ لە ستەم، کوشتار، وێرانکاری و ئاوارەیی، سروشتییە کە دڵخۆش دەبن بەوەی کە حیزبەکان یەکبگرن. بەڵام ئەمە هەمیشە ناتوانێت دەردێک دەرمان بکات و هەندێک جار ئەم متمانە و شوێنکەوتنی کارەساتی ڕێبەران، لێکەوتۆتەوە. لێرەدا دوو سێ نموونە دەهێنمەوە

لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینی: بزووتنەوەی کوردانی عێراق بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی، لەلایەن ڕژێمی پاشایەتیی ئێرانەوە بۆ لاوازکردنی ڕژێمی کۆماری عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن، پشتگیرییەکی بەرفراوانی چەکداری و دارایی کرا. بەڵام کاتێک محەممەد ڕەزا شا پەهلەوی و سەدام حسێن ڕێککەوتن، لەناکاو پشتگیرییە دارایی و چەکدارییەکە بڕا و ئەنجامەکەشی ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردی عێراقی بوو

لە سەرەتای دەیەی نەوەدی زایینی: کوردەکان لە کوردستانی عێراق دووبارە ڕاپەڕین و دواتر ئەمریکا لە ئاسمانی کوردستان ناوچەی دژەفڕینی ڕاگەیاند. ئەمە دەرفەتی بۆ کورد ڕەخساند کە قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەری دروست بکەن. بەڵام کاتێک هێزە سەربازییەکانی کورد بەرەو ناوچە نەوتییەکانی کوردستان لە کەرکووک و خانەقین پێشڕەوییان کرد، لەلایەن هێزی ئاسمانیی ئەمریکاوە بۆردومان کران و ناچار بە پاشەکشە کران و کۆنترۆڵی ئەو ناوچە نەوتییانە هەر لە دەستی ڕژێمی سەدامدا مایەوە

لە ساڵی ٢٠١٧ی زایینی: هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشتر قەوارەکەی پێکهاتبوو و نزیکەی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی لەژێر دەستدا بوو، حکوومەتی بارزانی بڕیاری دا ڕیفراندۆمێکی گشتی و ڕەمزی ئەنجام بدات تا خەڵک دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان لە عێراق ڕای خۆیان بدەن. ئەم هەنگاوە بووە هۆی کاردانەوەی سەربازیی حکوومەتی ناوەندیی عێراق و میلیشیاکانی سەر بە حکومەتی ئێران بە هەموو هێزیانەوە هێرشیان کردە سەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان. هێزە کوردییەکان ناچار بە پاشەکشە بوون و نزیکەی ٤٠٪ی ناوچە کوردنشین و نەوتییەکان لەوانە کەرکووک و خانەقین لەدەست چوون. ئەمریکا کە بە ڕواڵەت هاوپەیمانی کورد بوو، کەمترین هاوکاریی نەکردن و پشتی تێکردن

لە شەڕە ناوخۆییەکانی سووریا: کە ئەمەیان نەک تەنیا خەڵکی کوردستان بەڵکوو هەموو خەڵکی جیهان لە بیریانە؛ ئەمریکا پشتگیریی ئاسمانیی لە کورد کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان بە قوربانییەکی مرۆیی گەورە کە نزیکەی ١٣٠٠٠ کەس دەخەملێندرێت، توانیان داعش تێکبشکێنن و کانتۆنە خۆبەڕێوەبەرییەکانی خۆیان پێکبهێنن. بەڵام دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد و هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی "ئەلجەولانی"، ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی لە پشتگیریکردنی ئەودا

درێژە لە لاپەڕەی ٢٠

درێژە ی لاپەڕەی ١٩

پێناسە کردەوە و دەستی لە پشتگیریکردنی کورد هەڵگرت. هەمووان ئەمەیان بیستووە، خوێندووەتەوە و یان بینیویانە. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، لێرەش کوردانی ڕۆژئاوا زیاتر لە ٤٠٪ی ناوچە نەوتییەکانی خۆیان لەدەست دا ئێستا دەبێ لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ بین و بپرسین: کێ خیانەتی لە کێ کرد؟ ڕێبەرەکان یان ئەمریکا؟ ئێستا نۆرە گەیشتووەتە کوردستانی ئێران. شەڕی سێ دەوڵەتی فاشیستی، کە بۆ خەڵکی سەرتاسەری ئێران کارەساتبار و وێرانکەرە، دەبێ بە توندی و بێ هیچ وەهمێک شەرمەزار بکرێت. شەڕ قێزەونە. لە کاتێکدا هەموو خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی جیهان، بیرمەندان، کەسایەتییە ناسراوە ئەدەبی و هونەرییەکان، هەموو ئەوانەی تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش ژیان و نەهامەتییەکانی شەڕیان بینیوە، و هەروەها هەموو کۆمۆنیست و چەپەکانی جیهان، شەڕی ئەم دواییە شەرمەزار دەکەن لەلایەکی دیکەوە، ڕەوتە فاشیست و دژەخەڵکییەکانی وەک سەڵتەنەتخوازەکان، هەر ڕۆژ لە شەقامەکانی واشنتۆن و ئەورووپا، بەدوور لە شەڕ، خەریکی ئاهەنگگێران و هەڵپەڕکێن و هانی "مامەکانیان" (ترامپ و ناتانیاهۆ) دەدەن بۆ بۆردومانی زیاتر و زیانە مرۆییەکان، لەوانە کوژرانی ١٧٠ کیژۆڵە تەنیا لە یەک بۆردومانیدا، پشتگوێ دەخەن لە وەها باروودۆخێکدا، کەسانێک لە کوردستاندا پەیدا دەبن کە بەو پاساوەی ڕژێمی فاشیستی ئێران زۆر فاشیستترە لە ئەمریکا و ئیسرائیل، بەرگری لە شەڕ دەکەن و ڕەخنە لە کۆمەڵەی کۆمۆنیست دەگرن کە بۆچی ناچێتە ناو ئەو هاوپەیمانییەی ٦ حیزبەکە

خەڵکی خەباتکاری ئێران و کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیان لە هەمان کاتدا دەبێ بزانن کە ئەم شەڕە کە نە لە دەسپێکی و نە لە کۆتاییپێهێنانیاندا هیچ دەورێکیان نییە، لە هەمان کاتدا دەرفەتێک دەداتە خەڵکی ئێران و کوردستان تا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران هێزەکانی خۆیان ڕێکبخەن. نابێ ڕێگە بدرێت دیکتاتۆرێکی نوێ جێگەی دیکتاتۆری پێشوو بگرێتەوە. ئەمە لە توانای خەڵکدایە کە حکومەتێکی دیموکراتیک جێگیر بکەن کە مافی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بکاتە ڕاستی لە کوردستان، ٦ حیزبە کوردستانییەکە بە پەلە و وەک دەوترێت، جگە لە زەروورەتی مێژوویی و ئامانجە نەتەوەییەکان، بە یارمەتی دارایی و چەکداریی ئەمریکا پێکهاتوون و باس لە کردنەوەی بەرەیەکی زەمینی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە و شارەکانی کوردستان دەکرێت. سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ترامپ، چەندین جار لە هەمان سەرەتاوە بە ئاشکرا جەختی لەسەر کردووە. ئێستا کەمتر باس لەم بابەتە دەکرێت. وەک دەردەکەوێت تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق بە توندی دژایەتییان کردووە بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژە نەکێشێت، هەوڵ دەدەم ئەنجامگیرییەکی کورت بخەمە ڕوو نەچوونی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - بۆ ناو هاوپەیمانیی ئەو ٦ حیزبە کوردستانییە، دەبێ بە نیشانەیەکی باش وەربگیرێت و لەلایەن هەموو ئازادیخوازە خەباتکارەکان لە کوردستان و ئێران بە هەموو هێزەوە پشتگیری لێ بکرێت. هەموو چەپەکان و ئەوانەی تەمەنیان لە خەبات دژی ستەم و سەرەڕۆیی ئیسلامی بەسەر بردووە و باشترینەکان بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران بە ئاوات دەخوازن، هەموو ئەوانەی دیموکراسی و مافی ڕادەربڕینی خەڵک بە ڕەسمی دەناسن و چاوەڕوانییان هەیە کە ڕۆڵەکانیان لە نێو حیزبە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا لە لایەن سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە پشتیوانییان لێ کرا و لە زومرەی پێشڕەوانی ئەو شۆڕشە جەماوەرییە بوون، یاری بە چارەنووسیان نەکرێت. بەڵێ، دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان دەست لە ناو دەستی خەڵکی خەباتکاری ئێران، بۆ تێپەڕبوون لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی یەکگرتوو بن. ئەمە کەم زیانترین، ژیرانەترین و لە هەمان کاتدا دڵنیاترین ڕێگەیە بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران ڕەنگە ئەو ٦ حیزبە بەهۆی ئەوەی کە تووشی جۆرێک لە وەهم بووبێتن بەرامبەر بە ئەمریکا، هەڵەیان کردبێت، بەڵام با ڕێگە بدەین لانیکەم حیزبێکی دیکەی جەماوەریی، واتە کۆمەڵە، لە کاتی هاوکارییە دیاریکراوەکانی لەگەڵ ئەو ٦ حیزبە لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا، بەبێ یارمەتی ئەمریکا و بە پشتبەستن بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و ئێران، درێژە بە ڕێبازی خۆی بدات و ڕۆژ بە ڕۆژ پێگە کۆمەڵایەتییەکەی پەرەبستێنێ. ئەم کارە زۆرتر لە بەرژەوەندیی سەربەخۆی نەتەوەی کورد دایە نابێت گوشار بخرێتە سەر کۆمەڵە بۆ چوونە پاڵ ئەو ٦ حیزبە، بەڵکوو دەبێ ئەوە قبووڵ بکرێت کە تاکتیک و ستراتیژی جیاواز هەن و بە ڕەسمی بناسرێن. حیزبەکان و خەڵکی کوردستان ئەو ئەزموونە مێژووییانەی کە باس کران هەرگیز لەبیر ناکەن و دەبێ توانای مانۆڕدانیان هەبێت و شیکاری و هەڵوێستە جیاوازەکان بە بەشێک لە خەباتی خۆیان بزانن. هەر کەسێک دەتوانێت خۆی لەگەڵ ئەم یان ئەو هەڵوێست ببینێتەوە، ئەمە تەواو سروشتییە. گرنگ ئەوەیە هەموو ئەم ڕوانگانە بە ئاسایی و تەنانەت بە پێویست بزانین. نابێت هیچ کەسێک سوود لەم هەڵوێستە جیاوازانە وەربگرێت بۆ ئەوەی هێرشی ناڕەوا و نابەرپرسانە بکاتە سەر ڕکابەرە حیزبییەکانی، یان حیزبێکی دیاریکراو

بۆیە نابێت ڕیسک بکرێت و بە واتایەکی دیکە: هەموو هێلکەکانتان مەخەنە ناو یەک سەبەتەو

****

# ژنان هێزی بزوێنەر و بونیادنەری کۆمەڵگان

**ن: دیمەن محەممد کەرکوک**

## پیرۆزە ٨ی مارس ڕۆژی ژنانی جیهان

ژنانی ئازارچەشتوو و ژیانخواز: لەکات و ساتێکدا یادی ٨ی مارس ڕۆژی ژنانی جیهان دەکەینەوە، ناوچەکە و کوردستان دووچاری پەلامار و هێرشێکی مەزنی هێزە هەژموونگەرا و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بۆتەوە. زەمان زەمانی شەڕ و لەناوبردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانە. هێرش و دەستێوەردانەکان هیچ سنوورێک ناناسێت. لەپاڵ هەموو ئەم شەڕ و کاولکاریەی ڕوودەدات، لەسایەی سیستەمی دەسەڵاتداری و ئەقڵیەتی باڵادەستی پیاوسالاری، کۆمەڵکوژی و بێمافی لەسەر ژنان لەپەرەسەندندان. هەناسەی ئازادی و مرۆڤبوون لەبەر ژنان براوە. لەکاتێکدا ٨ی مارس پیرۆز دەکەین پرسی ماف و ئازادی ژن بۆتە پرسی هەرە سەرەکی کۆمەڵگاکان بەتایبەت کۆمەڵگای کوردی. ژنانی کورد لەئاستێکی هەرە بڵندا پرسی ژنانیان کردۆتەوە ڕۆژەڤی ناوچەکە و جیهان. ئەمەش بەتایبەت لەشۆڕش و بەرخۆدانی ڕۆژئاوای کوردستاندا بەڕوونی خۆی نمایش کرد و خۆی نیشاندا. ژنانی مافخواز و ئازادیخواز: سەرچاوەی سەرجەم کێشە و قەیرانەکان بۆ چارەسەرنەکردنی پرسی ژن و هێشتنەوەی بەهەڵواسراویی دەگەڕێتەوە. تاوەکو پرسی ژن چارەسەر نەبێت ئاستەمە کێشە و قەیرانەکانی دیکەی کۆمەڵگا چارەسەر ببن. ژنان ئەو هێز و بزاوتەن کە بتوانن هێز و وزە بکەنەوە بەبەر کۆمەڵگادا و لەو تێکدانە زهنی و ڕۆحیەی دووچاری هاتوون ڕزگار بکات. چەندە ژنان دەستەمۆ و ملکەچ بکرێن باری کۆمەڵگا سەختتر و قورستر دەبێت. زوڵم و ستەم لەسەر ژنان تەنیا قازانج بەدەسەڵاتداران و ملهوورەکان دەکات. بۆیە پێویستە کۆتایی بەم زوڵم و ستەمە بهێنرێت. هوشیاری ژنان و پێکەوەیی و تێکۆشان لەپێناو ماف و ئازادیەکان ئەرکی لەپێشینەی ژنانە. دەبێ ژنان بگەنە ئەو هەقیقەتەی هوشیاری و ئازادی بۆ ژنان لەهوشیاری و ئازادی بۆ کۆمەڵگا بەنرختر و لەپێشترە. چونکە تاوەکو ژنان هوشیار و ئازاد نەبن کۆمەڵگا هوشیار و ئازاد نابێت. کلیلی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵگا لای ژنانە. ژنانی بەحەسرەت بۆ ئازادی: شەڕ و پێکدادان و دەستێوەردانە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان و ئەو گێژاوەی بەرۆکی گەلان و کۆمەڵگاکانی گرتووە بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان، باجە قورسەکەی بەتایبەت ژنان دەیدەن. بۆیە ئەم دۆخە دەبێ ژنان ناچار بکات بەوەی هوشیاری و تێگەیشتن و کاری پێکەوەیی و تێکۆشانی ئازادی بڵندتر بکەن. ٨ی مارس دەرفەتێکە بۆ ئەم پێکەوەیی و یەکریزیە. نابێت ژنان تێکۆشانی ئازادی ڕەگەزی خۆیان بۆ کەسانیتر بەجێبهێڵن . ئەوە تەنیا ژنان خۆیانن لەئازار

درێژە لە لاپەڕەی ٢١

درێژەی لاپەڕەی ٢٠

و مەینەتی و بێمافیەکانی خۆیان تێدەگەن. نابێ ژنان ڕێگە بدەن دەسەڵاتداران بەگوێرەی خواست و بەرژەوەندیەکانی خۆیان تێکۆشانی ڕێکخراوەیی ژنان لەقاڵب بدەن. ئەوان لەهەست و ئازار و توڕەیی و داخوازی و حەسرەتەکانی ژنان تێناگەن. هیچ کات ناتوانن ببنە جێگرەوەی تێکۆشان و دەستەبەرکردنی ماف و سەربەستی بۆ ژنان. ئەرکی سەختی ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و دیموکراتی لەسەر شانی ژنانە. ژنانی پێشەنگ و مرۆڤدۆست: ئەرکی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی تاک و کۆمەڵگا بۆ ژیانێکی باشتر و بەهادار لەسەر شانی ژنانە. ئەوە ژنانن کە پاڵێوراون بۆ شۆڕشی زهنی و مرۆڤبوون و کۆمەڵایەتیبوون. ئەوە ژنانن کە بتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن مۆرکی خۆیان لەچاخی نوێ و گەشەسەندنە پیرۆز و بەهادارەکان بدەن. لەسەر ئەم بنەمایە و لەپێناو ئافراندنی ژنی ئازاد و کۆمەڵگایەکی ئازاد، لەسەر بنەمای سۆز و پەیمانی پێکەوەیی و یەکڕیزی و سەرخستنی تێکۆشانی ئازادی ژنان، جارێکیتر پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی تەواوی ژنانی دڵشکاو و ئازارچەشتووی جیهان و بەتایبەت ژنانی کورد دەکەین و بەژنانی ڕادەگەیەنین ڕۆژی ئازادی نزیکە و قسەی کۆتایی ژنان دەیکەن

**دیمەن محمد کەرکوک**

****

# کۆماری ئیسلامی، لە هێزێکی ناوچەییەوە بۆ هێزێکی ئێرانی

**ن: عەلی مەولود**

دەوڵەتی ئیسلامی ئێران زیاتر لە چوار دەیەیە، ستراتیژی سیاسی "ئیمپریالیزمی ناوچەیی" بەڕێوەدەبات و بەقەولی خۆی شۆڕشی ئیسلامی هەناردەی وڵاتانی دەوروبەر دەکات، ئەزمەکان و شەڕەکانی دەباتە ئەودیو سنوورەکانی خۆی، بە هێزی ئایدیۆلۆژی و پارەو دارایی، لەسەر حسابی هەژاری و برسێتی گەلانی ئێران، لەناوچەکەدا گرووپگەل و دەسەڵاتی لەشێوەی خۆی دروستکردووە، کە بەکردەوە بوون بە مەکۆی تیرۆر و هۆکاری نەبوونی ئاساییش و سەرچاوەی پشێوی سیاسی. ئێستا، بەهۆی سزا ئابووریەکان و شەڕی دوانزە ڕۆژەو ئەم شەڕەی لە ئارادایە: ژێرخانی ئابووری و سەربازی وڵاتەکەی وێران بووە و وەکو پێشوو توانای تەمویل و پڕچەککردن و پاراستنی گرووپەکانی دەرەوەی نەماوەو گرووپە بریکارەکانیشی لەوڵاتانی تر بەهۆی لێدانە کەمەرشکێنەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە، ناتوانن وەکو جاران شەڕی بە وەکالەتی بۆ بکەن، ئەمە کۆماری ئیسلامی خستۆتە بەردەم هەلومەرجێکی نوێ، کە بریتیە لە کشانەوەی ناچاری بۆ ناوخۆی ئێران و لەپێشینەدانانی مانەوەی ڕژێم لە تاران، لەچاو پاراستنی میلیشیاکان لەناوچەکە. گەرچی ئەمریکا و ئیسرائیل شەڕیان بردۆتە ناوماڵی خۆی، بەڵام هێشتا ئەمریکا بەهۆکاری نەبوونی بەدیلێکی دڵخواز، نایەوێت کۆماری ئیسلامی بەتەواوی بڕوخێت و زۆرتر پێیخۆشە وەک سەرقەپاغی کێشەگەلێک بمێنێتەوە بەڵام ببێت بە دەسەڵاتێکی ناوخۆیی ئێرانی عاقڵ کە چیتر ڕێگری و مەترسی بۆ نەخشەو بەرژەوەندی ئه مر یکا - ئیسر ا ئیل دروست نەکات، بۆ ئەو مەبەستە دەست لە سوپاو حکومەت و دامەزراوەکانی دەپارێزێت و زۆرتر سوپای پاسداران و توانای سەربازی ئاسمانی و دەریایی و وزەی وڵاتەکە کراونەتە ئامانج. پاشەکشەی ئێران لە ئیمپریالیزمێکی ناوچەییەوە بۆ هێزێکی ناوخۆیی ئێرانی گەمارۆدراو، بەشێکی گرنگە لە ویستی ئەمەریکا، چین و ڕوسیاش (یەکەمیان وەک کڕیاری سەرەکی وزە و دووەمیان وەک هاوپەیمانی سەربازی) نایانەوێت ئێران لە نەخشەی سیاسی ناوچەکە بسڕێتەوە. بەڵام لاوازبوونی ئێرانیان پێباشە کە هەم وەک کارتێکی فشار بەرامبەر ڕۆژاوا دەمێنێتەوە و هەم چیتر نابێتە هۆکاری جەنگ کە بازاڕی وزە و ئابووری جیهان بخاتە مەترسی. پاشەکشەکردن لە ململانێی دەرەکیدا، بە لەقبوونی هەژموونی ناوچەیی و لە سنوورەکان ناوەستێت، بەڵکو دەگاتە قوڵایی ئێران و لەناوخۆدا ترس دەڕەوێنێتەوەو زەمینە دەسازێنێت بۆ وروژاندنی سەرلەنوێی پرسی سنوورە سیاسی و جوگرافیە لۆکاڵیەکان و گوتاری شوناسە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، واتە شکانی هەیبەتی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی ئێران لە دەرەوە، شەرعییەتی ناوخۆییشی پتر دەخاتە ژێر پرسیار و ناوەند لاواز دەکات و ئەگەری ئەوە دێنێتە پێشەوە ئێرانی ناوەندی بەرەو ئێرانی فرەناوەند بچێت. ئێران مۆزایکێکی نەتەوەیی و وڵاتێکی فرە ئیتنیکیە، کە هەندێکیان خاوەن پێشینەی مێژوویی و جوڵانەوەی سیاسی خۆیانن، دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکان کە ساڵانێکی زۆرە لەژێر ستەمی ناوەندگەراییدان، ڕوو لە جوڵانەوە لۆکاڵیەکان دەکەن و دوورنیە هەرێمی سیاسی خۆبەڕێوەبەر(ئیتنیکی و نەتەوەیی) ڕابگەیەنن. بۆ بزووتنەوە کۆ مە ڵا یە تییە کا نیش دەرفەت دەڕەخسێت، بز و و تنە و ە کا نی کۆمەڵگەی مەدەنی و جووڵانەوە کرێکاری و جەماوەرییەکان گەشە دەکەن و شۆڕشی ژن، ژیان ئازادی، وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش دەگەشێتەوە، بەشێوەی ڕێکخراو بەشداری بزووتنەوە کۆ مە ڵا یە تیە کا ن لەپرۆسەی سیاسی و ژیانی سیاسی زیاد دەکات و گوشار بۆ سەر حکومەت، لەپێناوی چاکسازی یاسایی و باشترکردنی هەلومەرجی ژیان، تەوژمێک بەخۆی دەدات. کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی داسەپاوی نوخبەیەکی سیاسییە، نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکان و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنیکی و تەنانەت ئاینیەکانیش ناکات، ئەگەر بشمێنێتەوەو لەم شەڕەش دەرباز بێت، ناتوانێت تەنها خەریکی ساڕێژکردنی برینەکانی خۆی بێت، بەڵکو لەبەرابەر خواستی خۆبەڕێوەبەری ناوچە جیاوازەکان و خواستی باشبوونی ژیانی خەڵک و بۆ ڕێگری لە تەقینەوەی کۆمەڵایەتی، دەبێت لەگەڵ پێکهاتەی ئیتنیکی و کۆمەڵایەتی جیاواز لە ناوخۆدا بکەوێتە دانوستان یان شەڕی ناوخۆ. بەجیا لەو شەڕەی لەدەرەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکرێت، هاوکات ڕژێم لەبەردەم شەڕێکی ناوخۆیی چارەنووسساز دایە، کە خەباتی کۆمەڵایەتی — سیاسی ئەوانەی چیتر ئامادە نین باجی خەونە ئیمپر یا لیستییە کا نی نوخبەیەکی سیاسی بدەن و هۆشیاری نەوەی نوێ و تەکنەلۆژیا و سۆشیاڵ میدیا، ڕۆڵی گرنگی تێیدا دەبینن و شەقامەکان و کوڕ و کۆبوونەوەی جە ما و ە ر یە کا ن چارەنووسی ئێران و کۆماری ئیسلامیش دیاری دەکەن

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No:471-march 2026
www.komala.org
fortnightly paper of the central committee of komalah

# هەڵەبجە، وەبیرهێنەرەوەی جینایەتێکی لەبیرنەکراو

ئەمرۆ ٢٥ی ڕەشەمە، بەرامبەر لەگەڵ ١٦ی مارس، ساڵڕۆژی شیمیابارانی شاری هەڵەبجەیە. ساڵڕۆژی جینایەتێکی ترسناک کە نەک تەنیا لە یادەوەریی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو لە ویژدانی هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکانی جیهاندا ماوەتەوە. سی و هەشت ساڵ لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا، ڕژێمی بەعسی عێراق بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی، یەکێک لە تاڵترین و پڕئازارترین کارەساتەکانی سەدەی بیستەمی خوڵقاند. لە کاتی ئەم هێرشەدا، هەزاران مرۆڤی بێ دیفاع لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گیانیان لەدەستدا و هەزاران کەسی تر، بە زیانێکی توندی جەستەیی و دەروونییەوە، ساڵانێک و بگرە دەیان ساڵ دوای ئەوەش لەگەڵ ڕەنج و نەخۆشیی دەست و پەنجەیان نەرم کرد. هەڵەبجە لەو کاتەوە تا ئەمرۆ، تەنیا ناوی شارێک نییە، بەڵکوو ناوی برینێکی قووڵ و بۆماوەییە لە مێژووی هاوچەرخماندا. شیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا ڕوویدا، شەڕێکی درێژخایەن، وێرانکەر و دژە خەڵکیی کە خەڵکی هەردوو وڵات بە گیان، ئازار و مەینەتی، ئاوارەیی وماڵوێرانی باجەکەیان دا. لەو قۆناغەدا، زۆر نیشانە هەبوون کە ئەم شەڕە درێژخایەن و ٨ ساڵەیە بەرەو کۆتایی دەڕوات. نە کۆماری ئیسلامی توانیبووی ئامانجە سیاسییە ڕاگەیەندراوەکانی بپێکێت و نە ڕژێمی سەدام حوسێن توانیبووی ئەو پێگەیەی کە دەیویست، لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بەدەستی بهێنێت. هەردوو حکوومەت لە کردەوەدا گەیشتبوونە بنبەست، بەڵام هەردوولا هەوڵیان دەدا پێش کۆتایی شەڕ، بە دەستکەوتێکی سەربازی یان سیاسی، پێگەیەکی باشتر بۆ خۆیان لە دانوستان و گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا دابین بکەن. هەر لەو کاتەدا، ڕژێمی بەعسی عێراق بە چەکی شیمیایی تەیار کرابوو و پێش هێرش بۆ سەر هەڵەبجەش، چەندین جار ئەم چەکانەی لە بەرەکانی شەڕ و دژی خەڵکی سڤیل و هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستانی عێراق بەکار هێنابوو. لە لایەکی ترەوە، کۆماری ئیسلامیش بەردەوامیی شەڕی بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی لە ناوخۆی وڵات و سەرکوتکردنی نەیاران و کەشی شۆڕشگێڕانەی ساڵەکانی سەرەتای دوای شۆڕش بەکار دەهێنا. بەم شێوەیە، خەڵکی ئاسایی، بەتایبەت لە ناوچە سنووری و شەڕلێدراوەکان، لە نێوان دوو حکوومەتی سەرکوتگەر و شەڕخوازدا گیریان خواردبوو، ئەو حکوومەتانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان، کەمترین بایەخیان بۆ گیان و ئاسایشی خەڵک دانەدەنا. لە ئاوا بارودۆخێکدا، پلانی هێرش بۆ سەر ناوچەی هەڵەبجە داڕێژرا و جێبەجێ کرا. لەو سەردەمەدا، هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستانی عێراق بە نێوەندگیریی کۆماری ئیسلامی ناکۆکییەکانی خۆیان وەلانا و لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا کاریان دەکرد. کۆماری ئیسلامی بە ڕاکێشانی هاوکاریی ئەم هێزانە، پلانی هێرش بۆ سەر ئەو ناوچەیەی دارشت. نیوەشەوی ٢٤ی ڕەشەمە، ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرەی یەکگرتووی کوردستان دەستی پێکرد و سپای عێراق نەیتوانی لە بەرانبەر ئەم هێرشەدا خۆڕاگرییەکی ئەوتۆ بکات. ناوچەکە بە خێرایی لەژێر کۆنترۆڵی سپای عێراق دەرچوو و کەوتە دەست هێزە هێرشبەرەکان. بەڵام لەم نێوەندەدا، خەڵکی هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەری کە هیچ ڕۆڵێکیان لە بڕیارە سەربازی و سیاسییەکاندا نەبوو، جارێکی تر بوونە قوربانیی سەرەکیی ئەم ململانێیە. ئەوانەی کە لە ترسی شەڕ و تۆپباران پەنایان بردبووەبەر ژێرزەمینی ماڵەکانیان، نەیان دەزانی کە چەند کاتژمێرێک دواتر هەمان ئەو پەناگە بچووکانە دەبنە کوشتارگەیان. بەیانیی ڕۆژی دواتر، سەدام حوسێن و ڕێبەرایەتی حیزبی بەعسی عێراق فەرمانی شیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان دەرکرد. ئەم بڕیارە لە کاتێکدا درا کە تەنانەت هەموو هێزە عێراقییەکانیش هێشتا دەرفەتی پاشەکشەی تەواویان لە ناوچەکە نەبوو. بەڵام بۆ ڕژێمێک کە پاراستنی دەسەڵات و نیشاندانی دڕندەیی لە هەموو شتێک بەلایەوە گرنگتر بوو، ئەم پرسە نەبووە ڕێگر. فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە ئاسمانی شاردا دەرکەوتن و گازە ژەهراوی و کوشندەکانیان بەسەر خەڵکی بێ دیفاعدا باراند. گازە شیمیاییەکان بە خێرایی لە کۆڵان و ماڵ و ژێرزەمینەکاندا بڵاوبوونەوە و ئەو خەڵکەی کە بۆ ڕزگارکردنی گیانیان لە پەناگەکاندا خۆیان حەشار دابوو، یەک لە دوای یەک گیانیان سپارد. منداڵان لە پەنای دایکیان، بەساڵاچووان لە گۆشەی ماڵەکان و ئەو بنەماڵانەی کە دەرفەتی خۆدەربازکردنیان نەبوو، هەموویان بوونە قوربانیی ئەم جینایەتە. ناوی نزیکەی پێنج هەزار کەس لە گیانبەختکردوانی ئەم کۆمەڵکوژییە تۆمار کراوە، بەڵام ڕەهەندی ڕاستەقینەی ئەم کارەساتە زۆر فراوانترە لەوەی کە تەنیا لە ئامارەکاندا دەبینرێت. ڕزگاربووانی ئەم کارەساتەش لە زیانەکانی بێبەش نەبوون. هەزاران کەس ساڵانێکی زۆر بەدەست نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە، کێشەی چاو، برینی پێست، کەمئەندامی جەستەیی و زەبرە قووڵە دەروونییەکانەوە ناڵاندیان. زۆرێک لە بنەماڵەکان چەندین ئەندامی خۆیان بە یەکجار لەدەستدا و زۆرێک لە منداڵان لە دوای ئەو هێرشە، هەتیو و بێسەرپەرشت مانەوە. لێکەوتەکانی ئەم جینایەتە، تەنیا لەو ڕۆژە و لەو نەوەیەدا سنووردار نەمایەوە، بەڵکوو ئاسەوارەکانی تا ساڵانێکی زۆر دواتریش لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی هەڵەبجەدا مایەوە. لەمڕووەوە، هەڵەبجە تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو هێمایەکی زیندووی ڕەنجی جەماوەرێکە کە بوونە قوربانیی شەڕ و چەکی کۆمەڵکوژ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە ڕژێمی بەعسی عێراق لە ئەنجامدانی ئەم جینایەتەدا بە تەنیا نەبوو. هێزە جیهانییەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە تەیارکردنی حکوومەتی عێراق بە ماددە و کەرەستە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی شیمیایی، لەم کارەساتەدا بەرپرسیارن. دەوڵەتە ئورووپاییەکان، بەتایبەت دەوڵەتەکانی ئاڵمان و هولەندا، بە چاوپۆشیکردن لە مەترسی و لێکەوتەکانی ئەم هاوکارییانە، زەمینەی پێویستیان بۆ بەهێزکردنی ئامێری جەنگیی عێراق ڕەخساند. دەوڵەتی ئەمریکاش کە لە ڕەهەندەکانی ئەم جینایەتە ئاگادار بوو، ڕاستییەکەی لە ڕای گشتیی جیهان شاردەوە و بەم شێوەیە، لە بەرانبەر ئەم کارەساتەدا بێدەنگییەکی وشیارانەی هەڵبژارد. بەمجۆرە بوو کە گیانی مرۆڤەکان بووە قوربانیی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی هێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهان. ئەمرۆ، لە ساڵڕۆژی شیمیابارانی هەڵەبجەدا، یاد و بیرەوەری سەرجەم گیانبەختکردوانی ئەم کارەساتە بەرز ڕادەگرین و ڕێز لە ڕزگاربووان و بنەماڵە داغدارەکانیان دەگرین. یادی قوربانیانی شیمیابارانی هەڵەبجە دەبێت بە زیندوویی بمێنێتەوە، نەک تەنیا وەک وەبیرهێنانەوەی تاوانێکی مێژوویی، بەڵکوو وەک ئاگادارکردنەوەیەکی جیددی دژی شەڕ، دژی چەکی کۆمەڵکوژ و دژی بێدەنگی لە بەرانبەر تاواندا. ئاواتی ئێمە جیهانێکە کە تێیدا هیچ شارێک دووبارە نەبێتەوە بە هەڵەبجە، جیهانێک کە تێیدا خەڵک نەبنە قوربانیی شەڕە کۆنەپەرستانە و دژە خەڵکییەکان. جیهانێک کە تێیدا ئاشتی، ئازادی، یەکسانی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی، جێگەی شەڕ و سەرکوت و وێرانی بگرێتەوە

****

دواستون

# له نێوان دروشم و ڕاستیدا: ئایا بەرنامەی ١٠ خاڵی مریەم ڕەجەوی ڕزگاریی مرۆڤە؟

## ن: توانا محەمەد نوری

دیدگایەکی مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازانەوە، بەرنامەی ١٠ خاڵی مریەم ڕەجەوی تەنها «بەرگێکی جوانە» بۆ شاردنەوەی ناوەڕۆکێکی دەسەڵاتخواز. لێرەدا هەندێ خاڵی بە کورتی هەڵدەسەنگێنم

١. جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت: بەرنامەکە دەڵێت ئایین لە دەوڵەت جیا دەکەینەوە، بەڵام ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق خۆی لەسەر بنەمای ئایین دروست بووە. ئەمە وەک ئەوە وایە تەنها ماسکێکی تر لەسەر هەمان دەموچاو دابنێیت؛ ناتوانی بە بیرکردنەوە و ئامرازێکی ئایینی، کۆتایی بە دەسەڵاتی ئایینی بهێنیت. بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەڕاستی ئازاد بێت، دەبێت سیستەمەکە بەتەواوی لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی ئایینی پاک بکرێتەوە، نەک تەنها ناوەکەی بگۆڕدرێت

٢. مافی کورد و تەڵەی «ئۆتۆنۆمی»: سەبارەت بە کوردستان، بەرنامەی مریەم ڕەجەوی بە بەستنەوەی ئۆتۆنۆمی بە مەرجی «یەکپارچەیی خاکی ئێران»، ئازادیی کورد دەخاتە ناو قاڵبێکی سنووردارەوە؛ چونکە مافی ڕاستەقینە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان خۆیان لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، نەک ئەوەی دەسەڵاتێکی ناوەندی لە تارانەوە «سنووری ئازادییەکەیان» بۆ بکێشێ. ئەم مەرجە پێشوەختەیە دەسەلمێنێت کە ئەم ڕێکخراوە وەک هێزێکی ناسیۆنالیستی ئێرانی، تەنها دەیەوێت بە بەرگێکی نوێوە درێژە بە باڵادەستیی ناوەند بدات و لە جیاتی ڕزگاریی ڕاستەقینە، دووبارە بەپێی ویستی خۆی بەسەر کوردستاندا زاڵ بێتەوە

٣. ژن و یەکسانی: هەرچەندە بەرنامەکە باس لە یەکسانی ژن و پیاو دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا لە ناوخۆی ئەم ڕێکخراوەدا ژنان ئازادییەکی تەواویان نییە و دەبێت پۆشاکی دیاریکراو بپۆشن و ژیانی تایبەتیان لەژێر چاودێریدایە؛ بۆیە لە دیدگایەکی ئازادیخوازانەوە، ئەستەمە متمانە بە هێزێک بکرێت کە نەیتوانیبێت لە ناوخۆی خۆیدا ئازادی بۆ ژنان دابین بکات، کەچی بەڵێنی ئازادی بە هەموو ژنانی وڵات بدات، چونکە ناتوانرێت باوەڕ بەوە بکرێت کە ئەوان ببنە پارێزەری مافی ژنان کاتێک لە ناوخۆی خۆیاندا مۆدێلێکی وا داخراو و بێ ئازادی پەیڕەو دەکەن

٤. ئابووری و چەوسانەوەی کرێکار: بەرنامەکەی مریەم ڕەجەوی باس لە «ئابووری بازاڕ» دەکات. لە دیدگایەکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستانەوە، ئەمە واتە بەردەوامبوونی هەمان سیستەمی سەرمایەداری کە تێیدا دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر دەبێت و هەژار هەژارتر. ئەم بەرنامەیە هیچ پلانێکی ڕادیکاڵی بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان تێدا نییە

٥. دیموکراسی و ئازادی سیاسی: ئەم ڕێکخراوە لەسەر بنەمای «گوێڕایەڵی ڕەها» بۆ ڕێبەر دروست بووە (سیستەمێکی فەرماندەیی و سەربازی). زۆر قورسە متمانە بە ڕێکخراوێک بکرێت کە لە ناوخۆیدا ڕێگەی بە هیچ ڕەخنە و دەنگێکی جیاواز نەداوە، کەچی بڵێت لە داهاتوودا ئازادی بۆ پارتە سیاسییەکان دابین دەکەم

ئایا دەکرێ متمانەیان پێ بکرێت؟ نەخێر؛ چونکە

ئەوان وەک «بەدیلێکی مرۆیی» نابینرێن، بەڵکو تەنها وەک «کێبڕکێکارێکی دەسەڵات» دەبینرێن پشت بەستنیان بە هێزە دەرەکییەکان (ئەمریکا و وڵاتانی تر) نیشانەی ئەوەیە کە دواتر دەبێت جێبەجێکاری ئەجێندای ئەوان بن، نەک ویستی خەڵک

مێژووی ئەم ڕێکخراوە و تێوەگلانیان لە چەندین شەڕ و ململانێی گوماناوی، وای کردووە خەڵکێکی زۆر بە گومانەوە سەیری هەر بەڵێنێکیان بکەن

کورتەی مەبەست: ئەم بەرنامەیە زیاتر بۆ «ڕازاندنەوەی وێنەی ڕێکخراوەکە»یە لە دەرەوە، نەک بۆ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە کە تێیدا خوێندکار، کرێکار، ژن و نەتەوە ستەملێکراوەکان (وەک کورد) بگەنە ئازادیی تەواو

****